# ٢١٣٩

یادداشت

دڵدار ئەحمەد

- ناوی کتێب: ٢١٣٩
- ناوی نووسەر: دڵدار ئەحمەد
- بابەت: یادداشت
- هەڵەچنی: سوهەیب میکائیل
- چاپخانە:کارۆ
- تیراژ: ٥٠٠



لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ٢٠١٩ی پێ دراوە.

"تکایە...
با بەرگری لە مانەوەی بۆنی دووای یەکەم بارانی پایز بکەین."

عەسرە...

زۆر ماندووم، زۆر بێزارم... حەوسەڵەی هیچ شتێکم نەماوە. نامەوێت گوێ لە قسە دووبارەو بگرە سەد بارەکانی ئێرە بگرم، دڵەکان وەک شەقامەکان ڕەش بوون، بیرکردنەوەکان لە جەنجاڵی بێسەروبەری بازاڕەکان دەچن. مەگەر ئێرەش زیندان نییە؟!، ئەرێ بەڕاست دوونیا پڕ نییە لە زیندانی بچووک؟!، ئێمە لەکام زینداندایین؟!، کێ ئەم زیندانانەی دروست کردووە؟!. ئاخر خۆ زیندان تەنیا قۆڵبەستکردن لە ژووری تاکەکەسی نییە!.

دەگەڕێمەوە ژوورە بچووکەکەم و دەرگا دادەخەم، ژوورەکەم لایەکی پڕە لە کتێب، ئەو کتێبانەن کە خەڵکانی ئێرە خوێندوویانەتەوە!. تەنیا بۆ ئەوە دەیانخوێنمەوە کە بزانم دەقی ناو کتێبەکان و کۆڵانی نێو شارەکان چ جیاوازییەکیان

هەیە، لە کاتێکدا نووسەرەکەش لە ژوورێکی نێو ماڵێکی یەکێک لە کۆڵانەکانی شارێک کە نامەوێت بپرسم چ شارێکە، نووسیوی. لەگەڵ سندوقە دارەکەم، کە شتە بەنرخەکانمی تێدایە.

لایەکەی تر چەپکە گوڵە گەنمێکم لێ داناوە، بۆ ئەوەی نەهێڵم لەناو ئەم جەنگە سەفەرەی رۆحی خۆمدا، جوانی بمرێت. ئاخر ئەگەر جوانی بمرێت من بۆچی بمێنم!.

لایەکەی تری پەنجەرە، ئەو پەنجەرەی کە تەنیا شتێک کە هەستی تێدا بە زیندوویی خۆم بکەم ئەوەیە کە بەیانییان جریوەی چەند چۆلەکەیەک تێیدا دێتە ژوورەوە.

دادەنیش... لەناو ئەم گێژاوەدا بیر دەکەمەوە.

بیر لەچی بکەمەوە!، لە بوونم!...، لە گەردوون!...، لە زەوی!...، لە زیندەوەران!...، لە مرۆڤە بەردیینیەکانی ئێرە!...

زیندانی ڕاستەقینەی مرۆڤ جەستەکەیەتی، زیندانە پڕلە ئەشکەنجەکەی، جەنگە پڕ لە کوژراوەکە، دەرونەکەیەتی.

لەخۆم دەپرسم مەگەر وانییە؟.

بەڕاست خۆم کێم کە وا پرسیاری لێدەکەم!

ئەگەر خۆم هەم ئەی ئەم زیندانە بۆچی هەمیشە بەدووامەوەیە؟ چی لێم گەرەکە؟....

بۆچی نەتوانم وەک باڵندەیەکی کۆچەری بم، هەر کات ژینگەکەم بەدڵ نەبێت، کۆچ بکەم بۆ ژینگەیەکی لەبارتر؟.

ئەم بیرکردنەوانە زیاتر ماندووم دەکات...
کاتی خەوتن نییە، بەڵام دەبێت وەک منداڵیم جارێکیتر سنورەکان بشکێنم. ئامادەدەبم... پێش چاوم تاریک دەبێت، کتێبەکان نابینم، گوڵە گەنمەکە کوا!، دەستەکانم کوا؟، بۆچی هەست بە قاچم ناکەم؟..... ئای خوایە... من هیچ نابینم.
کە چاو دەکەمەوە...
زەوییەکی پان و بەرین دەبینم، لە دوورەوە چەند گردێکی سەوزی بەدار داپۆشراو، بەهەموو ژیانم ئاسمانم بەم روونییەوە نەبینیوە. ئەوە چاوی منە کە دوور دەبینێت، یاخود ئێرە خۆی روونە. سەیری جەستەم دەکەم وەک خۆیەتی، ئەوەی کە دەیبینم تەنیا زەوییەکی سەوزەو من لێی بێئاگام.
ئێرە کوێیە؟، بۆچی لێرەم؟... بڕیار دەدەم ئەوێ بپشکنم بەڵکو کەسێک بدۆزمەوە و پرسیاری لێ بکەم. ماوەیەکی درێژ ئاراستەیەکم وەرگرت و دەڕۆشتم، گردێک کەوتە سەر ڕێگاکەم، کاتێک بەسەرکەوتم بینیم دوو کەس لە گردەکەی بەرامبەر مەشغوڵی ژێری دارەکان بوون. کە لێیان نزیک بوومەوە بینیم بەدوای ڕەگی رووەکدا دەگەڕێن. دوو کوڕی گەنج ، باڵا نزم و باریکەلە بوون.
گەیشتمە سەر گردەکە، کە منیان بینی هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو، تەنانەت پشتیانیش ڕاست نەکردەوە. وەک بڵێی منیان هەر نەبینیبێت!.

چوومە لایان، ویستم پرسیاریان لێ بکەم بەڵام من چی بڵێم لەکاتێکدا نازانم لەکوێدام و بۆ لێرەم. ئەی ئەوانە کێن؟ لە زمانی من دەبێت تێبگەن؟!... کەمێک بەدیاریانەوە مام، یەکێکیان سەری بەرز کردەوە و زۆر بە دەنگێکی کز پێی گوتم: تۆ لەکوێوە هاتووی؟.

خۆ بە زمانی خۆمان قسە دەکەن!...

لە پرسیارەکەیدا ئەوە تەواو روون بوو کە وەڵامەکەمی هیچ لەلا گرینگ نەبوو، بەڵام نەشمدەزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە. کەمێک بێدەنگ بووم، دوواتر بیرم کردەوە کە نوواندنێکیان بۆ بکەم، تا لەیەنی کەم بزانم ئەوان کێن.

کەمێک هێزم هێناوە بەرەخۆم. گوتم من لەو خوارەوە هاتووم...

گوتی: ئەی بۆچی هاتووی؟

گوتم: نازانم، رێگام لێ وون بووە.

هیچ قسەی نەکرد، تێگەیشتم کە دەیزانی درۆ دەکەم بۆیە قسەی نەکرد.

کوڕەکەی تریش سەری بەرز کردەوە، دەیانویست بڕۆن. هیچ گرینگیەکیانیش بە بوونی من نەدەدا. هەنگاوەکانیان زۆر لاواز بوو، بەجۆرێک کە دەڵێی لەخەودان.

ئەودیو گردەکەم سەیر کرد، بینیم چەند خانویەکی لەدار دروستکران لەکەنار رووبارێکی بچووکدایە. خانووەکان تەنیا دارلەسەریەکنرای بوون، لە شوێنی مانەوەی مرۆڤ نەدەچوو.

بەڵام پیرەژنێکی پشت چەماوەم بینی چەند دارێکی وشکی بەدەستەوەبوو، لە نزیکییەوە ئاگرێک کرابووەوە، دیار بوو دەیبرد بۆ ئەوێ. لە دوورەوەش هەندێک مرۆڤی تر هەبوون، باڵایان زۆر بچووک بوو، جەستەیان بەچەند پەڕۆکێک داپۆشرابوو. بەڵام ئەوەی لای من سەیر بوو ئەوەبوو کە هیچێکیان لە ڕوخساریان زەردەخەنە بەدی نەدەکرا، زیاتریش بڵێم کە هەموویان دەمووچاوێکی شەکەستییان هەبوو.

لە کوڕەکەم پرسی: ئێرە کوێیە؟

سەیری نەکردم و لەبەرخۆیەوە گوتی ئێرە هیچ شوێنێک نییە!

من ئێستا چی بڵێم و پرسیاری چییان لێ بکەم.

هەستم کرد شتەکان ئاسایی نین، کاتەکان جیاوازن، باشترە کە بپرسم ئێستا ساڵی چەندە.

پرسیم، هیچیان نەگوت... پاش کەمێک کوڕەکەی تر سەری بەرز کردەوە و سەیرێکی زۆر تێکشکاوەنەی کردم، چاوەکانی بچووک بوون، پڕ لە خوێن.

بە زارێکی قورسەوە گوتی: ساڵەکان گرینگیان چییە بۆ ئێمە!.... دوواتر بە گریانەوە سەری نەوی کرد و ڕۆشت.

ئای خوایە!.... من لەکوێم!؟

دووبارە سەرم گێژ دەبێتە، بەر چاوم تاریک دەبێتەوە. ئەوەندە دەزانم کە کەوتم.

دووای چەند هەوڵێک، چاوم بە قورسی دەبێتەوە، بەڵام هەست بە جەستەم ناکەم. هێشتان پێش چاوم لێڵە، تەنیا

دەتوانم چاو بگێڕم بەملاولای ژوورەکە. پاش ماوەیەک دەتوانم دەستم بجووڵێنم. هەست دەکەم جەستەم زۆر خاو بۆتەوە، مێشکم زۆر ئارامە، گوێم لە ترپەی دڵمە، گوێم لە دەنگە دوورەکانیش دەبێت.

دووای ئارامگرتنێک... دەستم جووڵاند، هەست دەکەم ڕوخسارم شڵ بۆتەوە، پێش چاوم هێشتان لێڵە. هەڵدەستمەوە سەرپێ، کەمێک وەستام.

سەیرە!... جەستەم چی بەسەر هاتووە!، هەنگاو دەنێم بۆلای ئاوێنە بچووکەکەی ژوورەکەم، هەنگاوەکانم زۆر خاون.

کە سەیری ئاوێنەکە دەکەم، کێ دەبینم!

ئەمە کێیە کە ڕوخساری پڕ بوە لە لۆچی پیری؟!، تاڵەکانی قژی سپیین!، چاوەکانی سور هەڵگەڕاوە!... ئەمە کێیە کە دەیبینم!.

دووای چەندێک لە بیرکردنەوە بەوە گەیشتم کە من دەرگای زیندانم شکاند!، ئێستا هاتوومەتەوە نێو زیندانەکەی پێشوو.
ئێستا چ کاتێکە!، لە خوارەوە دەنگ دەبیستم، ئەوان کێن!.
هیچم بیر نامێنێت، ناوی من چی بوو!...
ئەها... ئەوانەی خوارەوە خێزانەکەمن، بەڵام بەکێ بانگیان دەکردم!.
کە سەیری ئاوێنە دەکەمەوە دەبینم دەوری چاوەکانم شین هەڵگەڕاون، دەمووچاوم دەئاوسێت. ئێستا چی بکەم!.

دووای سێ ڕۆژ تەواو یادەوەری دەگەڕێتەوە، تاڵە سپییەکان هەڵووەراون، لۆچەکان نەماون. ئێستا دەزانم کێم، دیسان هەمان شار و هەمان زیندان، بەڵام گەیشتن بە خۆم و دۆزینەوەی دەرگای زیندان وایلێ کردم بڕۆم قوفلی سندوقەکەم بکەمەوەو یادداشتی قەلەڕەشەکە دەربهێنم.

ژیان کردن لە دورگەی غاکتا بە جۆرێک سەخت ببوو، کە وایلێ هات ڕۆژ لەدووای ڕۆژ کۆمەڵەکەمان بچوکتر ببێتەوە، ڕۆژ لە دووای ڕۆژ قەلەڕەشی زیاتر بڕیاری جێهێشتنی بدەن.
زۆربەیان لەبەر سەختی پەیداکردنی خۆراک جێیان دەهێشت، لەبەر ئەوەی نشتیمانی غاکتا دورگەیەکی بچوک بوو لە ناوەڕاستی دەریا.
ئێمەی غاکتایی لە لایەن قەلەڕەشی باوک ڕێبەرایەتی دەکراین، هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە کە ئێمە باشترین ژیانمان هەیە و دەبێت بەوە قایل بین.
سەرۆک گوێی بەوە نەدەدا کە برسیەتی ڕووی لە نشتیمانەکەمان کردووە، لەبەر ئەوە نا کە خۆی سەرۆکە و تێرە، بە پێچەوانەوە، چونکە ئەویش وەک ئێمە برسی بوو. بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە لە جیهانی مرۆڤەکانەوە دوور بووین.

بە تێڕوانینی ئەو، "هەر شوێنێک دەستی مرۆڤی پێ بگات ئەو شوێنە چیدیکە بۆ ژیان ناشێت".

ئەو ڕقێکی زۆری بەرامبەر مرۆڤەکان هەڵگرتبوو، ئێمە نەماندەزانی ئەو ڕقەی ئەو لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە. هەرگیز باسی نەدەکرد.

لەکۆبوونەوەکاندا باسی شێوەی مرۆڤ و چۆنیەتی ژیانکردنیانی بۆ دەکردین، لە جیهانی خۆیان.

وامان لێ هاتبوو بەبێ بینینیان، بەر نەفرەتیان بخەین.

جارێکیان پێی گوتین: " مرۆڤەکان تەنیا پیسابیەکەیان سودی هەیە، ئەگینا خۆیان بەڵای سەر زەوین".

ئەو هەموو کۆمەڵەکەی ئازاد کردبوو کە دەتوانن هەر کاتێک کە بیانەوێت نشتیمانی غاکتا جێ بهێڵن و بڕۆن بۆ جیهانی مرۆڤەکان کە لەوێ دەتوانن زۆر بە ئاسانی خۆیان بژیێنن، بەڵام دەیگوت: " ئەوەی نشتیمانی غاکتا جێ بهێڵێت، بڕیاری داوە نەفرەت لە سروشت بکات! ".

لەبەر ئەم قسانەی بوو کە مانەوە شانازی بوو بۆ ئێمە.

سەرۆک و قەلەڕەشی دایک نیوەی تەمەنیان لەناو جیهانی مرۆڤەکان بەسەر بردبوو، کە دورگەی غاکتایان دۆزیبووەوە، لەگەڵ چەند قەلەڕەشێکی تر بڕیاری نیشتەجێ بوونیان لە غاکتا دابوو.

ئەوەی ئێمەی بچوک نەماندەزانی و هەرگیز باسیان نەدەکرد ئەوەبوو کە بەچ هۆکارێک جیهانی مرۆڤەکانیان جێ هێشتووە،

ئاخۆ چ شتێک وادەکات لە پڕێکا نەفرەت لە جیهانی مرۆڤەکان بکەن.

ئەوان لەو بارەیەوە هیچیان باس نەدەکرد. ئێمەش لەبەر سەختی ژیان، ڕۆژ لەدووای ڕۆژ ئەو پرسیارانەمان زیاتر لا دەوروژا کە پەیوەندییان بە غاکتا و جیهانی مرۆڤەکانەوە هەبوو.

ڕۆژەکان تێدەپەڕین، زێدەتر لاوازی ڕووی تێ دەکردین، لەناو ئەو سەختییەدا بەیانییەک پاسەوانەکان بەخەبەرێکی لەناکاودا گەڕانەوە لای سەرۆک، پێیان ڕاگەیاند کە لەناو دەریادا مرۆڤیان بینیوە!.

ئەم خەبەرە تەوا و غاکتاییەکانی مەشغول کرد، هەموومان هانامان بۆ قەلەڕەشی باوک برد، ئێمە تا ئەوکات تەنیا گوێمان لە کارە دڕندەییەکانی مرۆڤ ببو، بۆیە هەمووان لەوە دەترساین کە سەرباری ئەم سەختی ژیانە، ڕووبەروی پەلاماری مرۆڤەکان ببینەوە.

سەرۆک هیچ نەشلّەژا بوو، وەک بلّێی ئەو نەبووبێت کە هێندە ڕقی لە مرۆڤەکان بووە. تەنانەت نەدەهاتە دەرەوەش تا ببینێت کە چۆن هەمووان شلّەژاون.

هەندێک بەدوای ڕێگا چارەیەک دەگەڕان بۆ پاراستنی نشتیمان، هەندێکیش ڕایان وابوو کە پێکەوە هەموومان هێرش

بکەینە سەر مرۆڤەکان، بەر لەوەی ئەوان هێرشمان بکەنە سەر.

تەواو باری ئاسایی کەوتبویە ژێر گومان و مەترسی، هەر قەلەڕەشەو لای خۆی قسەیەکی دەکرد، بەڵام ئەوەی جێی هیوامان بوو ئەوەبوو کە هەمووان لەخەمی دوورگەکەمان بووین، ئەگەر بیرۆکەکانیش هەڵەبێت دواجار ئامانجێک هەمووانی کۆکردبووەوە، ئەویش غاکتا بوو.

لەناو ئەو گێژاوی سەرلێشێواوییەدا، قیغەیەک باڵی بێدەنگی بەسەر هەمووان‌دا کێشا، لەپشت قیغەکەدا سەرۆک دەرکەوت. کەمێک بە پەڕە پیرەکانی بە بێدەنگی لەسەر بەردێکدا ڕوانییە غاکتاییەکان کە ئێمەی بێ

دەسەڵات بووین بەرامبەر ئەو ترسەی مرۆڤ، کە بۆخۆی لامانی دروست کردبوو.

پاش کەمێک تێڕامان وادیار بوو لە بارودۆخەکە تێگەیشتبوو، ئینجا هاتەگۆ، : غاکتاییەکان..... ئەی ئەوانەی باوەشی سروشتتان هەڵبژاردوە، ئێستا دەبینم شڵەژاون، دەبینم دەترسن.

ئێستا من فەرمانتان پێ دەکەم کە خۆتان بچن بیانبینن!. بچن لە نزیکەوە خۆتان مرۆڤەکان ببینن، بزانن کە زیندەوەرێکی چەندە نازیندوون بە خۆیانەوە.

ئەو قسانەی سەرۆک هەمووانی زیاتر خستە ناو پرسیارە بێ وەڵامەکان، سەرۆک بۆچی دەیەوێت ئێمە بڕۆین مرۆڤ

ببینین؟!، ئەی ئەوان دڕندە نەبوون؟!، ئەو بیرکردنەوانە بەناو هەمووواندا بەڵاو ببویەوە.

دوواتر سەرۆک گوتی: ئەوان بە کەشتی لەناو دەریادا هاتووچۆ دەکەن، دەشێ ئێستا ڕێگایان وون کردبێت بۆیە لێرە نزیک بونەتەوە.

ئێستا دەبێت ئێمە فێڵیان لێ بکەین، چونکە ئەوان بەدوای وشکانیدا دەگەڕێن. دەبێت ئێمە بەر لە هاتنی ئەوان، ڕێگایان لێ وون بکەینەوە دژ بە ئاراستەی خۆمان بیانبەین.

بەم قسانەی سەرۆک کەشەکە کەمێک هێور بووەوە، دوواتر گوتی: کێ دەیەوێت مرۆڤەکان ببینێت؟.

ئێمە هەرگیز مرۆڤەکانمان نەبینی بوو، جگە لەوانەی لە پاسەوانی دوورگەکەن، ئەوانە هەموو وەرزێک بە فەرمانی سەرۆک دەڕۆشتن بۆ جیهانی مرۆڤەکان، تا لە کارەکانیان سەرۆک ئاگادار بکەنەوە.

من و بەشێک لە قەلەڕەشان بڕیارماندا لەگەڵ سەرۆک بڕۆین بۆ ئەو ئەرکە، بەرلەوەی بڕۆین سەرۆک پێی گوتین دەبێت ئێمە زۆر لێرە دوورکەوینەوە، دواتر بە پێچەوانەی ئاراستەی نشتیمان لە کەشتییەکەیان نزیک ببینەوە، ئەوکات ئەوان وادەزانن کە ئێمە لە وشکانییەوە هاتووین و ڕێگاکەیان بەو ئاراستەیە دەگۆڕن.

دووای تێگەیشتنمان لە سەرۆک، بەڕێ کەوتین.

زۆر فڕین تا پێچەوانەی ئاراستەمان وەرگرت، لە دوورەوە کەشتییەکەمان بینی، سەرۆک پێی گوتین ئەمە خۆیانن. هیچ خۆتان مەشێوێنن، تەنیا کەمێک لەسەر سەریاندا دەخولێینەوە بە قیغەقیغەوە، دوواتر بەهەمان شوێندا دەگەڕێینەوە.

کە تەواو نزیک بووینەوە، دیمەن و بونەوەرێکی سەیرم بینی، لە ڕاستیدا من لەو کاتەدا بیرم بۆ بەهێزی ئەوان دەچوو نەک لە دڕندەییان کە سەرۆک باسی بۆ دەکردین.

ئەوان ماسی نین، بەڵام دەتوانن وابکەن لەناو دەریادا بژین!

بەهەرحاڵ، ئێمە لەو ئەرکەدا سەرکەوتین.

کە گەڕاینەوە هەمووان لە پێشوازیمان وەستا بوون.

لەو کاتەدا هەستم بە شانازی کردن بە خۆم دەکرد، کە بۆ یەکەم جارە ئەرکێکی وا مەزن لە ئەستۆ بگرم و سەرکەوتوو بین.

لە سەروی هەموو ئەمانەوە، هەست کردن بە ڕزگاربوونی نشتیمان تەواو ناخۆشی و سەختی ژیانی لەبیر بردبوومەوە.

بەڵام ڕۆژی دوواتر هەموو شتێک گۆڕا !.

کاتێک سەرۆک بانگی هەموو کۆمەڵەکەی کرد بۆ کۆبونەوە، شوێنی کۆبونەوەکە لە بەرزترین شاخی دورگەی غاکتا بوو، ئەوە یەکەم جار بوو کە سەرۆک بۆ ئەوێ بانگمان بکات.

ئەبێت شتێک ڕووی دابێت؟!، مرۆڤەکانی دوێنێ.....!

هەموو ئەو پرسیارانە دەکران و ئێمە هیچمان نەدەزانی.

بەیانی بوو، دەمەو زەردەپەڕ بوو کاتێک هەموو کۆمەڵەکە گەشتینە سەر شاخەکە.
جگە لە سەرۆک، قەلەڕەشی دایک لەوێ ئامادە بوو. یەکەمجار بوو کە قەلەڕەشی دایک بەشداری کۆبونەوە بکات. هەموومان بە بێدەنگییەوە چاوەڕێی وتاری سەرۆکمان دەکرد.
سەرۆک سەیرێکی هەموومانی کرد، دوواتر سەری بەرز کردەوە و بە دەنگێکی زۆر کز، کە هەرگیز سەرۆکمان بەمشێوەیە نەبینی بوو.
گوتی: ئەمڕۆ ڕۆژێکی غەمگینە هاوڕێیان!، ئەمڕۆ پێتان دەڵێم کە ئێوە نابێت چیتر لە نشتیمانی غاکتا بمێننەوە.
ئەمڕۆ کۆتا ڕۆژی ئێوەیە لەم دورگەیەدا، دەبێت هەرچی زووە ئێرە جێبهێڵن و بڕۆن بۆ شوێنێکی پارێزرا و دەست بە ژیانی ئاساییتان بکەنەوە، وە ئێستا بە هەموو باڵدارەکانی دورگەکە ڕابگەیێنن کە پێویستە بڕۆن.
سەرۆکی پاسەوانان کە قەلەڕەشی مەزن بوو، قسەکانی بە سەرۆک بڕی و گوتی: سەرۆک، تۆ خیانەت بە ئێمە دەکەیت؟، تۆ چۆن باسی جێهێشتنی نشتیمان دەکەیت؟، باشترە ئێمە لێرە پێکەوە بمرین نەک هەر یەکێکمان بەبێ نشتیمان بژین.
لەو کاتەدا دەنگەدەنگێکی زۆر لەناو کۆمەڵەکەدا پەیدا بوو، هەمـــووان گومـانیان لە سەرۆک دەکـردبەرامبەر نشتیمانەکەیان.

ئەوەی جێی تێڕامانی من بوو، قەلەڕەشی دایک بوو کە لەوێ بەبێ دەنگیەکی پڕ غەمگینییەوە ڕاوەستابوو.

لەناو ئەو هەموو دەنگە، سەرۆک قیغەیەکی هەیبەتدارانەی بەسەر هەمووواندا کرد و بێدەنگی کردین.

دوواتر گوتی: ئێوە ناچارن ئێرە جێ بهێڵن، چونکە هێندەی نەماوە نشتیمانەکەمان غەرقی دەریا بێت!، چەند ڕۆژێکە قەلەڕەشی دایک چاودێری مانگ دەکات، ئەوەی بۆ ڕوون بۆتەوە کە دەریاکە لە هەڵکشاندایە و دووڕگەکەمان دادەپۆشێت.

دەبێت ئێوە بڕۆن و بۆخۆتان بژین، تەنیا من و دایک لێرە دەمێنینەوە، ئێمە پیر بووین و هێزی ئەو فڕینە ماوە درێژەمان نەماوە تا بگەینە نشتیمانێکی تر.

دووای ئەو وتانەی سەرۆک، هەمووان پەییان بە غەمگینی ئەو ڕۆژە برد. ئەو ڕۆژە هەموو شتێک گۆڕا، هەموومان برسییەتیمان بیر چووبوویەوە، ئەوەی گرنگ بوو کە سەروی نشتیمان بوو، دابڕانی سەرۆک بوو.

ئاخر هەمووان دەیانتوانی لە شوێنێکی تریش خۆیان بژیێنن، بەڵام بەبێ بیرمەندی و ڕێبەرایەتی سەرۆک ژیان سەختتر دەبوو. بۆیە هەمووان داوای وتە و ئامۆژگاری سەرۆکیان دەکرد تا بەر لە ڕۆشتنیان ڕێنوێنی زیاتریان بکات.

ئەمە سەختترین ڕۆژ بوو کە ئێمە پێیدا تێپەڕ بووبێتین، لەو ڕۆژەوە تێگەیشتم کە دەبێت هەمیشە ئامادە بیت بۆ بڕیارە قورسەکان ئەگەر هەرچەندەش ناچاری بێت.

سەرۆک ئەم جارەیان هیچ خۆی بە کزی نیشان نەدا، وەک سەرۆک و ڕێبەرێکی خاوەن هەیبەت و هێزی باڵادەست خۆی نیشانی ئێمە دا.

ئەو زۆر پیر ببوو من دەمزانی کە بۆیە وا خۆی نیشان داوە تا ئێمە زیاتر باوەڕمان بە بونمان هەبێت و هیوا لەدەست نەدەین.

ئەمە بۆ ئەوەش بوو تا ئێمە خەمی ئەومان نەبێت. وەک پێشوو کە سەرەتای وەرزەکان ڕێنوێنی دەکردین، دادوەری بەسەر کۆمەڵەکەدا دەسەپاند.

بە باوەڕبەخۆبوونێکی زۆرەوە،

گوتی: ئەی پارێزەرانی سروشت، من دووای ئەم وتارەم چیدیکە سەرۆکتان نابم، ئێوە نشتیمان جێ دەهێڵن. بۆیە پێویستە ئەگەر لەهەر شوێنێکی سەر ئەم زەمینە یەکتریتان گرتەوە، لەناو خۆتاندا باشترینتان ببن بە ڕێبەر و دادوەری کۆمەڵەکەتان.

ئێوە ئێستا پەی بەو ڕاستییە دەبەن کە مانەوەتان پەیوەستە بە یەکبوونتان، بۆیە هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا باسی خۆڕاگری غاکتا بکەن، ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات، لە سروشتەوە سەرچاوەی گرتووە بۆیە ئێمە بە شانازییەوە باسی

خۆراگری خۆمان دەکەین بۆ هەموو زەوی، کە سروشت ئێمەی خۆشویست.
لەوە دڵنیابن کە هەموو قەلەڕەشانی سەر زەوی ناوی ئێوەیان بیستووە، بۆیە کە گەیشتن بەهەر کۆمەڵەیەکدا پێیان بڵێن کە لە غاکتاوە هاتوون تا ڕێز لە هەبوونتان بگرن، کە بەڕاستی ئەوانیش پێشوازیتان لێ دەکەن.
ئەوەش بزانن کە هەندێک کۆمەڵە هەن هەوڵ دەدەن ناوی ئێوە ناشرین بکەن، ئەوان ئەو کۆمەڵانەن کە خیانەتیان لە بوونی خۆیان کردووە. ئەوان هەموو شتێک دەکەن تەنیا بۆ ئەوەی ڕۆژێک بە تێری بسوڕێنەوە.

دەربارەی مرۆڤەکانیش، وەک هەمیشە گوتوومە کە بە هەموو شێوەیەک خۆیان لێ بەدوور بگرن، ئەوان بونەوەرێکن، ئێمە فێری شکۆداریمان کردن، ئێمەی قەلەڕەش فێرمان کردن کە ڕێز لە یەکدی بنێن و فێرمان کردن کە دادوەرانە ژیان بکەن.
کەچی پاداشتی ئەوان بۆ ئێمە نەفرەت بوو، ئەوانماڵی ئێمەیان سوتاند و بێڕەحمانە کەوتنە گیانی ئێمە و سروشت.
ئەوان وا دەزانن کە ئێمە بێ ئەقلێکی فڕیوین، کەچی پەی بەوە نابەن کە ئێمە ئەوانمان فێری ژیانکردن کردووە. وا دەزانن کە ئێمە لێیان تێناگەین، ئەوە نازانن کە ئێمە لێیان بێ ئومێد بووین بۆیە نزیکیان نابین.

غاکتاییەکان..... ئێوە لە ڕەچەلەکی شکۆی سروشت دان، لە هەموو شوێنێک ئێوە خۆتان بن و فریوی هیچ شتێک نەخۆن. لە هەر شوێنێک بن بە بەرپرسیاریەتییەوە مامەڵە لەگەڵ سروشت بکەن، ئاگادار بن هەرگیز غەدر لە هیچ زیندەوەرێک نەکەن!.

ئێوە ئێستا دەبێت ئێرە جێبهێڵن، هیوادارم لە شوێنێکی گونجاو بە یەکتری شاد ببنەوە، لە شوێنێکی گونجاودا کۆمەڵە بنیاد بنێنەوە.

هەمیشە پەیامتان سروشت بێت و بە هەمووان بڵێن کە مرۆڤ زەوی توشی کارەسات دەکات. ئەوان فێڵ لەناو خوێنیان دایە، ئەوان لە پێناو مەرامی خۆیان یەکتری دەکوژن.

دەی ئێستا بە ئاراستەی خۆر، بفڕن و بڕۆن......

سەرۆک پەیامەکەی تەواو کرد و بە غەمگینییەوە سەری دانەواند، بە باڵە گڤە پیرەکانی، فڕی بۆ کەناری دەریا، ڕووەو خۆر نیشتەوە.

هەمووان بەڵاوەیان کرد، هەندێکیان هەر لەو کاتەدا کەوتنە فڕین و جێهێشتنی نشتیمان. هەندێکی تریش گەڕانەوە لای بێچوەکانیان.

"ئەمە کارەسات بوو کە چەندین بێچوی تازە هێشتا باڵیان نەگرتبوو، ژێر ئاو کەوتن."

من لەناو خۆمدا دامام، کە دەبێ چی بکەم و چۆن بەتەنیا ئێرە جێبهێڵم. وەک سەرلێشێواوێک بەسەر نشتیماندا دەخولامەوە، بیرم لە بچوکی و ڕۆژانی پێشوو و سەختی ژیانی غاکتا دەکردەوە، بیرم لە بارانە سەختەکانی زستان دەکردەوە.

لە ڕاستیدا ژیان لە غاکتا بۆ ئێمە زۆر سەخت بوو بەڵام جێهێشتنی سەختتر بوو، چونکە ئێمە وامان بیر دەکردەوە کە جیهانی مرۆڤەکان کەلکی ئێمە نادات و ئیدی دەبێت لێرە چاوەڕێی گۆڕانی سروشت بین تا ژیانمان باشتر بێت.

لەناو ئەم ئاڵۆزییەی بیری خۆمدا، بە ئاسمانەوە بینیم قەلەڕەشێک سەری نەوی کردوە و لەسەر بەردێکدا بە تەنیا نیشتووە.

لەو کاتەدا بینینێکی سەیر بوو بۆ من چونکە هەمووانم دەبینی مەشغولی جێهێشتن بوون.

ئەمە کێیە بە تەنیا!. کە لێی نزیک بوومەوە بینیم غوارا بوو، وای لەو ڕێککەوتە باشە.

غوارا ماوەیەکی زۆربوو بۆ ئەرکێک لە لایەن سەرۆکەوە ڕاسپێردرابوو بچێتە جیهانی مرۆڤەکان.

لەلای نیشتمەوە، گوتی تۆ بۆچی لێرەیت و تا ئێستا نەڕۆشتووی؟... ئیدی سەرکۆنەی دەکردم کە من گەمژەم و تا ئێستا نەڕۆشتووم.

پێیم گوت:

- ئەی تۆ؟، تۆ بۆچی ناڕۆیت؟

- من لێرە دەمێنمەو تا هەمووان دەڕۆن.

- کەوایە، منیش لەگەڵ تۆدا بڕیاری مانەوە دەدەم.

- گەمژە، ڕێگا دوورە و پێویستە ئێستا لەگەڵ کۆمەڵەکەدا بەڕێ بکەویت.

- چی دەبێت ئەگەر پێکەوە ئێرە جێ بهێڵین؟، من دەمەوێت ئاگاداری سەرۆک و دایک بم تا کۆتایی ژیانیان.

کە وام گوت، دیار بوو متمانەی پێ کردم و گوتی:

- کەوایە ئێمە هاوڕێین، با پێکەوە بین.

ئەوە بۆ من جێی شانازی بوو کە غوارا متمانەی پێ کردم هەرچەندەش بچووک بووم، بەڵام متمانەم بە تواناکانی خۆم هەبوو.

لەو کاتەدا دەبووایە زۆر بە وردی بیر بکەینەوە، جگە لە خۆژییاندن دەبوایە ئاگامان لە سەرۆک و دایک بووایە چونکە ئێمە لەسەر ئەوە بەڵێنمان دابوو.

ڕۆژی دوواتر هیچ قەلەڕەشێک لە دوورگەکە نەما جگە لە سەرۆک و دایک، ئەوانەی بێچوویان بچوک بوو، بێچوەکانیان هەڵگرت و بردیان.

نشتیمان چۆڵ ببو، هیچ دەنگێک، هیچ قیغەیەک چیدی نەدەبیسترا. هیچ باڵدارێک بە ئاسماندا نەدەفڕی، خۆراکی ناچاری ئێمە لەو کاتەدا خواردنی هێلکە بوو کە باڵندەکان جێیان هێشتبوو.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ غەمگینی لەجیاتی هەور بە ئاسمانا بەڵاو دەبوویەوە، شەو لە دوای شەو، مانگ پەیامی غەمگینتری دەنارد.

ئەو شەوەی دایک لە کۆتا فڕینیدا کەوت، نەیتوانی چیتر بفڕێت، من و هاوڕێکەم بەدیاریەوە بووین، ئەو لە سەرۆک پیرتر بوو، قەلەڕەشێکی زۆر هێمن و دادپەروەر بوو کە هەموو بڕیارەکان لای ئەوەوە بۆ سکالاکان دەردەچوو.

لەو کاتەدا سەرۆک بۆ خواردنی خۆراک ڕۆشتبوو، ئێمە بەدیاریەوە بووین، ئەمە دەرفەتێکی باش بوو کە لێی بپرسم کە بۆچی غاکتا؟، چی وایکرد ناچاری ئەم دورگەیەمان بکەن. هەرچەندەش کاتەکە هەستیار بوو لەبەر کەوتنی دایک بەڵام هەر لێیم پرسی.

غوارا بەو ڕەفتارەم تووڕە بوو، بەڵام ئەویش دەیویست ئەو نهێنییە بزانێت.

لە دایکم پرسی... دایک بە بیستنی پرسیارەکەم پەشۆکا، چاوی داخست.

من ترسم لەوە بوو کە سەرزەنشتم بکات کەچی بە پێچەوانەوە ئەو هاتە گۆ.

کاتێک چاوەکانی کردەوە، گوتی: ئێستا کاتیەتی ئەو نهێنیەتان بۆ باس بکەم، دەزانم کە سەرۆک حەز بەوە ناکات بەڵام دوواتر تێی دەگەیێنم.

ئێمە لە جیهانی مرۆڤەکاندا دەژیاین، بە جۆرێک لێیانەوە نزیک بووین کە منداڵەکانیان حەزیان بە بینینمان دەکرد و خواردنیان پێ دەداین.

ئێمە لەگەڵیان زۆر دڵخۆش بووین، کۆمەڵەکەمان باشترین ژیان دەژیا.

بەڵام شەوێک هەموو شتێک وێران بوو، هەموو شتێک پێچەوانە بووەوە. مرۆڤەکان هێزی خۆیان لە وێرانیدا دەرخست.

نیوەی شەو تێپەڕی بوو کاتێک دەنگێکی زۆر بەهێزمان بیست کە هەرگیز نەمانبیستبوو، کۆمەڵەکەمان ئەوکات سەرۆکێکی زۆر بەهێزی هەبوو، هەموو کۆمەڵەکەی کۆکردەوە بۆ ڕێنوێنی کردنیان لەو ڕووداوەدا، پێی ڕاگەیاندین کە لە شوێنی خۆماندا بمێنینەوە تا ئەوان دەڕۆن لە ڕاستییەکە دەکۆڵنەوە.

ماوەیەکی زۆریان پێ چوو، کاتێک گەڕانەوە، بۆنێکی زۆر کوشندە بەڵاو ببویەوە کە خەریک بوو تەواو هەناسەمان دەگرێت.

گوتی خێرا دەبێت ئێرە جێ بهێڵین، ئێرە چیتر بۆ ژیان ناشێت.

وەک ئەوەی چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بینیتان کە هەموان چۆن سەریان لێشێوا بوو، بەڵام ئەوکات بەم شێوەیە نەبوو. من و سەرۆک ئەوکات تازە هاوسەرگیریمان کردبوو، لە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانماندا بووین کە ئەم کارەساتە یەخەی گرتین.

هەمووان کەوتنە جێهێشتن، لەو کاتەشدا باران دەباری، ئاراستەی فڕینمان گۆڕی، لە ڕێگادا زیاتر لە نیوەی کۆمەڵەکەمان لەدەست دا و مردن.

گەیشتین بە شوێنێکی زۆر دوور لە ڕووداوەکە، هێزمان تێدا نەما و نیشتینەوە، لەو شوێنەدا سەرۆکی مەزن مرد. تەنیا چەند قەلەڕەشێکی بێهێز ماینەوە، چەند ڕۆژێک نەمانتوانی بفڕین، لە بێهێزی و بێ هیواییدا کەوتبووین، بەڵام دوواتر سەرۆکەکەی ئێوە بە بوێریەوە بڕیاری دا کە نشتیمانی مرۆڤەکان جێ بهێڵین.

کە ئەو بڕیارەی دا هەمووان بەشوێن بڕیارەکەی کەوتن و وەک سەرۆک و باوک دەستنیشانیان کرد.

ئاخر ئەوکات هیچێک لە ئێمە تروسکە ئومێدێکمان شک نەدەبرد بۆ ژیانێکی نوێ. بەڵام سەرۆکی نوێ ئەو ئومێدەی دروست کرد و هێنایە جێ، ئێستاش تەمەنێکمان لەو ژیانە نوێیە پێکەوە بەسەر برد.

لە ڕاستیدا لەو کارەساتەدا ئێمە شکێنراین!، تەنیا ئێمە نا بەڵکوو زۆربەی مرۆڤە داماوەکانی ئەوێش مردن.
لەسەر زەوی لاشەی مرۆڤم دەبینی کە پێستەکانی لە جەستەی جیا دەبویەوە،
باڵندە بێهێزەکان وەک گەڵا کەوتبوونە سەر زەوی. ئەمە کارەساتێکی دەستی مرۆڤەکان بوو.
ئێستا ئێوە زانیتان کە سەرۆک بۆچی هێندە دژی مرۆڤەکان دەدوێت؟!، زانیتان کە مرۆڤەکان چییان بەسەرمان هێناوە؟!......
بەڵام هەمیشە ئەوە بزانن کە هەموو مرۆڤەکان بەم شێوەیە دڕندە نین، کە دەستیان بچێتە گیانی سروشت. مرۆڤەکان وەک یەکتری نین، ئەوان بیر دەکەنەوە، مەرجیش نییە بیرکردنەوەیان دژی ئێمە بێت بەڵام هەموو شتێکیان لێ چاوەڕێ دەکرێت.
دەزانم کە هەرگیز سەرۆک باسی مرۆڤی چاکی بۆ ئێوە نەکردووە، ئێوە ئەوە بزانن کە مرۆڤی چاک لە هەموو شوێنێکدا هەیە.

لەلای ئێمە ئەوکات ژنێکی پیر هەبوو، هەر کاتێک خۆراکی خواردبا، ئەوی زیادی دەکرد بۆ ئێمەی لە شوێنێکی بەرز دادەنا، تا ئێمەش بیخۆین. ئەوە واتا چی؟!.

بەڵێ هەمیشە مرۆڤانێک هەن کە ئێوەیان خۆشدەوێت و نایانەوێت ئازارتان بدەن.

کە چوون بۆ جیهانی ئەوان، خۆتان هەموو ئەوانە دەبینن کە بۆم باس کردن.....

لەو کاتەدا سەرۆک گەڕایەوە. پێی گوتین کە بڕۆین و خەمی ئەوانمان نەبێت، "ئەوەی لە سروشتەوە بێت ئێمە پێشوازی لێ دەکەین."

لەگەڵ غوارا ئەوێمان جێ هێشت بۆ سەر شاخەکە.

ئەو شەوە دووای بیرکردنەوەیەکی قوڵ، لەسەر ئیزنی سەرۆک و دایک، لەگەڵ غوارا بڕیارماندا بەیانی بەر لە خۆرهەڵاتن نیشتمانی غاکتا جێ بهێڵین و بچین بۆ جیهانی مرۆڤەکان، بڕۆینە نێو جیهانی بوونە ئاڵۆزەکان.

پێشتر زۆرم لەسەر نیشتمانی مرۆڤەکان بیستبوو، هەروەها لەسەر چۆنیەتی ژیانکردنی مرۆڤەکانم بیستبوو. بەڵام غوارای هاوڕێم پێشتر بە ئەرکی تایبەت گەشتی نێو مرۆڤەکانی کردبوو.

ئەو ئەزمونێکی باشی هەبوو، زۆر جاریش باسی مرۆڤەکانی بۆ دەکردم، کە چۆن قسە دەکەن و چۆن خۆیان دەژیێنن.

بەیانی داهات، غوارا گوتی: ئامادەی؟

گوتم: بە دڵنیاییەوە، با بڕۆین.... ئیتر کەوتینە فڕین.

ئێمە پێویست بوو چەند ڕۆژێک لە فڕین بەردەوام بوینایە تا بگەیشتباین بە وشکانیەک بۆ پشودان.
بۆ گەیشتن بە نیشتمانی مرۆڤەکان پێویست بوو چەندین ڕۆژ و شەو بە بەردەوامی بە ئاسمانەوە بوینایە.
هەر لە یەکەم ساتی فڕینمان غوارا وەک باوکێک ئامۆژگاری دەکردم، ئەو دەیگوت: بەهیچ شێوەیەک لە مرۆڤەکان نزیک نەکەویتەوە.

دەیگوت... کاتێک مرۆڤەکان بیانەوێت ئازاری باڵندەیەک بدەن، بە دەست ئاماژەی بۆ دەکەن و ڕوخساریان بە خەندەیەک دادەپۆشن. ئەوان وا دەزانن دەتوانن بە درۆیەکانیان هەموو زیندەوەرێک فریو بدەن.
پێیم گوت: بەڵام چ پێویست دەکات درۆیەکی لەم شێوەیە بکەن؟.
غوارا لەو کاتەدا سەیرێکی کورتی کردم، تێگەیشتم کە مەبەستی ئەوەبوو هێندە ساویلکە نەبم، بێدەنگ بووم.
پاش کەمێکیتر گوتی: سەیرکە، من پێت دەڵێم مرۆڤەکان زیندەوەرێکی ئاڵۆزن، نە قەلەڕەشی باوک نە منیش تا ئێستا مرۆڤەکان ناناسین، تەنانەت خۆشیان لە گەڕان بەدووای پێناسەی خۆیان گێژ بوون.

مرۆڤەکان نە وەک ئێمەن، نە وەک کۆترێک، ئەوان لە بەینی درندەیی و میهرەبانی بەجێ ماون، ئەمە کاری خۆیانە کە کامە ڕێگا هەڵدەبژێرن و چۆن دەژین.

هەندێک مرۆڤ هەن کاتێک بە ڕێگادا دەڕۆن ئەگەر ببینن باڵندەیەک لەسەر ڕێگاکەیان خەریکی خواردنەوەی ئاوە، بە ئەسپایی ڕێگاکەیان دەگۆڕن، نەبادا باڵندەکە لە ئاوخواردنەوە بکەن، ئەوجۆرە مرۆڤانە زۆر دەگمەنن بەڵام لە هەموو شوێنێکدا هەن.

هەندێک مرۆڤیش هەن هەمیشە بەردێک بە دەستیانەوەیە، هەر شتێک ببینن، تێی دەگرن، هەر باڵندەیەک ببینن تا بتوانن دەیکوژن، هەر خشۆکێک ببینن پێی لێ دەنێن.

ئەوان نایانکوژن بۆ خواردن، بەڵکو تەنیا بۆ تێرکردنی هەوەسێکی خۆیان ئەم کارە دەکەن.

ئەم جۆرە مرۆڤانە ئێستا زەوییان تەنیوە، بۆیە پێت دەڵێم بە ئاسانی فریوی مرۆڤەکان نەخۆیت. ئێمە قەلەڕەشین، لە مێژووی ئەوان ناوێکی باش نین، بەڵام دەبێت پێش هەموو شتێک ئەمەت لەبیر بێت کە ئێمە قەلەڕەشی یاخی بووین، وەک چۆن قەلەڕەشی باوک باسی دەکرد.

پێیم گوت: ئەگەر ئەوان درندەن بۆچی باڵندەکان دەهێننەوە ماڵەکانیان و خواردنیان پێ دەدەن؟

- ئەوان تا ئەو کاتەی دڵیان دەخوازێت بەردەوام دەبن... ئەوەندەی گوت و بێدەنگ بوو.

منیش لەو کاتانەدا بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەگەر ڕۆژێک منیش وەک هەر باڵندەیەکی تر بکەومە ژێر دەستی مرۆڤێک، دەبێت چۆن مامەڵەم لەگەڵ بکات، دەبێت تێنەگات کە من دیلی خۆی دەکات!.

هەندێک جاریتریش بەخۆمم دەگوت ئەی ئەگەر کەسێکی باش بێت وەک ئەو جۆرەی کە غوارا باسی کرد، ئەوکات چیم بەسەر دێت!. دواتر بەخۆمم دەگوتەوە چ مرۆڤێک قەلەڕەش دەباتەوە ماڵەکەی؟!. نا هیچ مرۆڤێک ئەو کارە ناکات. ئاخر ئەگەر بیانکردبا بۆچی ناوی ئێمە بەم شێوە خراپە بەناو مرۆڤەکان بەڵاو دەبووەوە.

لەو کاتەدا ئەمانە تەنیا بیرکردنەوەیەکی گەمژانە بوون، بەڵام ڕێگاکەمان زۆر دووربوو دەبوایە بەهەرجۆرێک بوایە بەردەوامیمان بەخۆمان دابا.

قسەکانی غوارا بۆ من زۆر باش بوون، ئەو ئەگەرچی تەنیا یەک جار ژیانی مرۆڤەکانی بینیبوو بەڵام زۆر شتی دەربارەیان دەزانی و لە ڕێگادا باسی دەکرد.

لەناکاو گوتی:

تۆ ئەو تارماییە دەبینیت؟

- بەڵێ دەیبینم

- لەوە دەچێت کەشتی بێت!

- کەشتی؟!...

- بەڵێ

هەرچەند نزیکتر دەبوینەوە زیاتر ئەو شێوەیە دەهاتە بەر چاو کە قەلەڕەشی باوک بۆی باس دەکردین، ئەوەی کە لە دوورگەکەمان نزیک بووەوە.

غوارا گوتی: ئێمە بەختێکی زۆر باشمان هەیە کە ئەم کەشتییە هاتۆتە سەر ڕێگاکەمان.

لەو کاتەدا هەردووکمان زۆر ماندوو ببوین، ماوەیەکی زۆر بوو بەبەردەوامی دەفڕین، لەو ماویەشدا هیچ شتێکمان نەخواردبوو، لەوانەیەش ئەوە بەختی ئێمە بێت وەک غوارا گوتی.

خەریک بوو تەواو دەگەیشتینە کەشتییەکە.

غوارا گوتی: بەدوای مندا وەرە، نەکەیت بنشیتەوە!.

من سەرم سوڕما، ئاخۆ هاوڕێکەم دەبێت مەبەستی چی بێت کە نابێت بنیشمەوە.

بۆیە لێیم پرسی کە بۆچی نەنیشمەوە؟، وا دەبینیت کە کەشتیەکە شوێنی بەرزی هەیە بۆ نیشتنەوە، ئەگەر مەبەستت ترس بێت لە مرۆڤەکان!.

وەڵامی نەدامەوە.

گەیشتین و جارێک بە سەر کەشتییەکەدا سوڕاینەوە، دەبینم غوارا هیچ پەلە ناکات بۆ نیشتنەوە و بێدەنگانە دەسوڕێتەوە.

لەو کاتەدا تەواو هەستم بە هیلاکی خۆم دەکرد سەرەڕای برسییەکەش لە لایەکی ترەوە.

لێم پرسی تۆ بەدوای چیەوەی؟ شتێک بڵێ.... من هێزم تێدا نەماوە.

دوواتر گوتی: پێویستە ئێمە بەر لەوەی بنشینەوە بزانین ئەوانەی سەر کەشتییەکە کێن.

- جا چۆن ئێمە ئەوە بزانین؟

- سەیرکە، ئێستا پێکەوە دەست بە قیغەقیغێ بەرز دەکەین و بە سەریانا دەسوڕێینەوە.

لەو کاتەدا هیچ چارەیەکم نەبوو هەرچەندەش زۆر شەکەت بووم بەڵام بە خۆمم گوت کە پێویستە ئەوە بکەم کە غوارا دەیڵێت چونکە ئەو ئەزمونی کردبوو.

بە قیغەقیغ بەسەر کەشتییەکە سوڕاینەوە، هیچ کاردانەوەیەک نەبوو. دوواتر، زیاتر نزم بوینەوە.

ئێمە لە قیغەکردن بەردەوام بووین، دوواتر بینیمان چەند مرۆڤێک لەناوەوەی کەشتیەکە هاتنە سەر پشتی کەشتیەکە و سەیری ئێمەیان کرد.

بە غوارام گووت: ئێستا پێویستە چی بکەین؟

بە هێمنیەوە گوتی: بەدووام کەوە با بەرز ببینەوە.

بەرز فڕینەوە تا گەشتین بەسەر ڕاگری چارۆکی کەشتییەکە، بەردەوام بووین لە قیغە کردن.

پاش کەمێک گوێمان لە دەنگی مرۆڤەکان بوو.

کۆمەڵێک مرۆڤ بوون، لەناو خۆیان هەر کەسە و لە شوێنی خۆی قسەی دەکرد، هەندێکیان دەنگیان بەسەر ئەوانی تر بەرز دەکرد، وەک بڵێی ئێمە کێشەیەکی زۆر گەورەمان لە ناو کۆمەڵەکایان دروست کردبێت.

دواتر یەکێک لە مرۆڤەکان کە باڵایەکی بەرز و شانێکی پان، قژێکی درێژی ڕەنگ خۆڵی هەبوو.
بە دەنگی بەرز پێیانی گوت: بێدەنگ بن، بەسە قسە کردن.
هەموویانی بێدەنگ کرد.
دواتر گوتی: ئێمە لە مەترسی داین هاوڕێیان!.
ئەوانەی تر سەریان لەبەر خۆیانەوە نابوو، وەک بێدەستهەڵاتێک دەر دەکەوتن کە هەموو ئومێدێکیان بەو کەسە باڵا بەرزەوە بەند بوو.
دوواتر یەکێکیان گوتی: کاپتن، ئێستا ئێمە دەبێ چی بکەین؟
"کاپتن!"، ئەم وشەیە سەرەنجی ڕاکێشام، بەڵام پەڵەم نەکرد لەوەی لە غوارا بپرسم چونکی سەقاڵی قیغەقیغ بووین، غواراش چاودێری مرۆڤەکانی دەکرد لەهەمان کاتیشدا هەستم دەکرد کە زۆر بە وردی لە چاوی مرۆڤەکان دەڕوانێت.
بەهەرحاڵ دوواتر کاپتنەکە گوتی: خۆتان ئامادە بکەن بۆ هەر هێرشێکی لە ناکاو، هەموو چەکەکان ئامادە بکەن، ئاڵاکەش بەرز بکەنەوە.
یەکەم جارم بوو مرۆڤ لەم بارودۆخەدا ببینم، بەم قسانە و کارکردنیان سەرسام بووم، هەرچەندەش پێشتر قەلەڕەشی باوک باسی ئەوەی کردبوو کە مرۆڤەکانیش وەک ئێمە ئامادەکاری دەکەن بۆ هەر ئەگەرێک.
غوارا لە ناکاو گوتی: ئێستا کاتی نیشتنەوەمانە، بە هێمنی و بەبێ دەنگەدەنگ بەدوامدا بنیشەوە.

بێدەنگ بووم بە مانای باشە.

کاتێک لە کوچێکی دواوەی کەشتیەکە نیشتینەوە، بینیمان چەند جۆرە خۆراکێک لەوێ کەوتوە، بۆی چوین و خەریکی خواردنیان بووین.

تێرمان خوارد، دوواتر بۆ پشوودان هەڵفڕینە سەرەوەی ڕاگری چارۆکەکە.

لێیم پرسی بۆچی قیغەقیغ و سوڕانەوە؟ ئەمە بۆچی بوو؟

گوتی: ئێمە نابێت بکەوینە تەلەی مرۆڤەکان، ئەمە شەرمەزارییە بۆ ئێمەی قەلەڕەش.

- ئەمە دەزانم.....

- سەیرکە، بابەتەکە لێرە دەستکەوتنی خۆراک و پشوودان بوو. ئەویشمان دەست کەوت. بەڵام بزانە کە مرۆڤەکان جۆرەها شێوە و ڕوخساریان هەیە، دەشێ لەهەر کاتێکدا فریوی ئەوان بخۆین بەم هۆیەوە بەڵام ئەگەر بتەوێت مرۆڤەکان بناسیت، ئەگەر بەڕاستی دەتەوێت بیانناسیت ئەوا دەبێت ڕەفتاریان تاقی بکەیتەوە.

زۆرێک لە مرۆڤەکان بەر لەوەی لە مرۆڤێکی تر نزیک ببنەوە، سەیری ڕوخساریان دەکەن، لای ئەوان وایە کە دەڵێن ڕوخسار دیارخەری ناخی مرۆڤەکانە، ئەمە زۆربەی جار تووشی هەڵەیان دەکات، ڕاستە کە مرۆڤەکان سێبەری داماوییەکەیان لە ڕوخساریان دەنیشێت، بەڵام ئەوە نابێتە بڕیاردانی دروست لەسەر ناسینیان.

ئێمە ئەو کارەمان کرد، ئەوانمان بە خەبەر هێنایەوە کە هەموو کات لەناو دەریادا ئەبێت چاوەڕێی هێرشکردن بیت، لای ئەوان دەریا پڕە لە مەترسی، لای ئەوانیش قەلەڕەش بە مانای هەواڵی باش نایەت، بۆیە هەمیشە کاتێک دەمانبینن دەڵێن ئێمە لە مەترسی داین!.

- ئەی کاپتن؟ ئەو کێ بوو؟

- کاپتن.....، ئەوان بە کۆماڵ دەژین وەک ئێمە. بڕۆن بۆ هەر شوێنێک یاخود لەهەر شوێنێک بمێننەوە ئەوا کەسێک دەکەن بە گەورەی خۆیان، هەموو فەرمانێکی بە ناچاری دەبێت جەبەجێ بکەن.

وەک چۆن ئێمە لە دورگەی غاکتا قەلەڕەشی باوک مان هەیە، کە لەهەموو کات و ساتێکدا ئاگادارمان دەکاتەوە و فەرمانڕەوایەتیمان دەکات، ئەوانیش وان.

- بەڵام مرۆڤەکان چۆن ئەو "فەرمانڕەوایە" بۆخۆیان دادەنێن؟، ئایا فەرمانی هەموو کات ڕەوایە؟

- ئێمەی قەلەڕەش، ئەو قەلەڕەشە دەکەین بە گەورەی خۆمان کە ژیرترینمانە، زۆرترین ژیانی کردبێت و بەو مەرجەش کە لە هەموو قەلەڕەشەکان زیاتر مرۆڤ بناسێت و لێیان تێبگات.

دوواتر گوتی: تۆ ئەوانە دەزانیت، بەڵام ئەوەی کە نایزانیت ئەوەیە کە مرۆڤەکان چۆن بەو کارە هەڵدەستن.

- بەڵێ، منیش مەبەستم ئەوەیە.

لەو کاتەدا سەری دانەواند و کەمێک بێدەنگ بوو، دوواتر گوتی: مرۆڤەکان وەک ئێمە ناکەن، لەلای ئەوان بە هێزەکەیان دەبێت بە سەرۆک، گرنگ نیە ئەقلی هەبێت یان نا. گرنگ ئەوەیە دەسەڵات و پشتی هەبێت.

لەلای ئەوان فەرمانڕەوا دروست دەکرێت وەک ئەوەی کە خۆیان دەیانەوێت، نەک وەک ئەوەی سروشتەکە دەیخوازێت.

- ئاخر ئەمە چۆن دەبێت؟!...

- ئەمە نابێت، بەڵام دەبینیت هەیە و لەلای مرۆڤەکان دەبێت. هەر ئەوەیە کە هۆکاری گەورەیە بۆ شکاندنی شکۆی مرۆڤەکان بە دەستی خۆیان.

- بەڵام مرۆڤەکان دەزانن شکۆ چییە؟

دووای ئەو پرسیارەم، گوتی: بەسە ئیتر کاتی ئەوەیە ئەم کەشتییە جێ بهێڵین، لە ڕێگادا پرسیار بکە.

من لەوە تێگەیشتم کە ئەو بە پرسیارەکانی من بێتاقەت ببوو، لەبەر ئەوەنا کە دەپرسم، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە کارەکانی مرۆڤ بێتاقەتی کردبوو دەبوو باسی بکات.

دووای پشوویەکی زۆر باش و خواردنی خۆراکی باش، کەوتینەوە فڕین.

هەر لە یەکەم ساتی فڕین بیرم بۆ ئەوە دەڕۆشت کە ئەوە دووەم کەشتی بوو کە لەسەریدا کۆمەڵە مرۆڤ ببینم بە کۆمەڵێک ڕەفتاری سەیر، ئەبێ ئاخۆ لەسەر نیشتیمانەکانیان

چۆن بژین؟! یاخود کارەکانیان چییە و بە چیەوە خەریکن؟.
ئەو پرسیارانە لە مێشکما بە بەردەوامی گوزەریان دەکرد.
زۆر دوور نەکەوتبووینەوە، لە کاتێکدا گوێمان لە دەنگەدەنگێکی زۆر بەرز بوو.
هەرچەند نزیکتر دەبووینەوە دەنگەکان بەرزتر و زیاتر دەبوون، دوواتر بینیمان کەشتییەکی تر بەخێراییەکی زۆر ڕووەو ئاراستەی کەشتیەکە دەڕوات.
کە گەشتینە بەرامبەری، بینیمان کۆمەڵێکی زۆری مرۆڤ بە هاوارهاوار دەستیان بەرز دەکەنەوە و شتێکیان بەدەستەوەیە، شێوەیان زۆر پیس و چلکن بوو.
لەو کاتەدا لە غوارام پرسی ئەی ئەمانە کێن؟ بۆ وادەکەن؟.
گوتی ئەمانە ئیش و کاریان تەنیا لەناو ئەو دەریایە دایە، ئەمانە کۆمەڵێک مرۆڤی بێبەزەیین.
بیر لە هیچ شتێک ناکەنەوە تەنانەت هەست بەوە ناکەن کە مرۆڤن.
ئێستا هێرش دەکەنە سەر کەشتییەکە و وێرانی دەکەن، هەر شتێک کەلکی ئەوان بدات، بۆخۆیانی دەبەن و دواتر کەشتییەکەش دەسوتێنن.
- ئەی مرۆڤەکان چی؟
- لێرەدا دوو هەڵبژاردەیان هەیە، ژیان یان مردن.
ئەگەر بیانەوێت بژین ئەوا شەڕ دەکەن تا ئەوانی تر بکوژن، گەرنا ئەوانی تر دەیانکوژن.

- لێرەشدا شەڕ بڕیار دەدات. وایە؟
- بەڵێ وایە.

ئەوێمان بەجێ هێشت، بەڵام هەرچەند زیاتر دەڕۆشتین، زیاتر دەکەوتمە نێو پرسیارە تازەکانەوە، وەک ئەوە وابوو کە تازە چاوم بە دونیا هەڵێناوە و هیچ نازانم. لە ڕاستیدا پێشتر کە گوێم لە قسەکانی قەلەڕەشی باوک دەگرت کە باسی مرۆڤەکانی دەکرد، بەڵام تا خۆم لە نزیکەوە نەمبینی سەرسام نەبووم.

غوارا هاوڕێیەکی زۆر باشی منبوو ئەگەرچی زۆر لەمن گەورەتر بوو بەڵام ئێمە هاوڕێی یەکتری ئەم ڕێگایە بووین کە بڕیارمان داوە بڕۆین تا جیهانی مرۆڤەکان ببینین.

قسەکانی ئەو بۆ من ڕێگایەکی نوێ بوو کە پێشتر پێیدا نەڕۆیشتووم وە پێویستیشە وەک باوک مامەلەی لەگەڵ بکەم و گوێی لێ بگرم.

شەو داهات، ئاسمانێکی ڕەشی پڕ لە ئەستێرە و مانگێکی پڕ کە تەواو ڕۆشناییەکەی بەسەر دەریاکەدا کەوتبووەوە.

لەو کاتەدا غوارا گوتی: ئەم دیمەنەی ئێستا دەیبینین لای مرۆڤەکان جیاواز تەماشا دەکرێت، مرۆڤانێک هەن کاتێک دڵتەنگ دەبن سەیری ئاسمان دەکەن و لە ڕوناکی ئەستێرەکان و مانگ ڕادەمێنن.

لای ئەوان مانگ نازی دڵتەنگیەکەیان هەڵدەگرێت. هەندێکیانیش هۆنراوە غەمگینەکانی خۆیان دەڵێنەوە.
دوواتر گوتی: جاری پێشوو لە یەکێک لە شارەکان شەو بەسەر گەشتەکەمدا هات بۆیە چووم بۆ پشوو، لەسەر دارێکی نزیک ماڵێک نیشتمەوە.
شەو درەنگ داهاتبوو، گوێم لە دەنگێک بوو، ویستم بفڕم بەڵام کە سەیرم کرد دایکێکی پیر دەرگای ماڵەکەی کردەوە و هاتە دەرەوە.
کەمێک لەبەر دەرگاکە ڕاوەستا و سەیری ئاسمانی دەکرد، سەکۆیەکی دانیشتن لەبن دیوارەکە بوو،زۆر بە هیلاکی دانیشت و پشتی بە دیوارەکە نا، سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە.
لەو کاتەدا بڕیارمدا چاودێری بکەم و نەفڕم، هەرچەندەش تەنیا بۆ تێپەڕبوونی کات مامەوە.
پاش کەمێک گوێم لە دەنگی بوو کە بە سەرێکی بەرز و دەنگێکی کز دەیگوت:

- ئەی ئەستێرە دوورەکان،
ئەی مانگی غەمگینی دڵی من.
ئەی ئاسمان، ئەی سێبەری باڵندە ڕەشەکانی شەو.
ئەریٚ ئێوە دەمناسنەوە؟!
ئەریٚ ئێوە من دەبینن؟
بمبینن کە چلۆن زەریای بێرەحمی تەمەن

غەرقی شەپۆڵەکانی خۆی کردووم
ئەی مانگ....
کوانێ کوڕەکانم؟!
ئەی ئەستێرەکان
هاوسەرەکەم لای ئێوە نییە؟
ئەی ئاسمان، من لە ماڵەکەی خۆم غەریب ماوم
ئێوەش هەر وەک ئەو شەوانە درەوشاوەن
کە شەوانێک هۆنراوەی شادیم بۆ دەخوێندەوە
ئێوە ئاگاتان لە حاڵی من نییە.
نا ئێوەش لەمن بێ ئاگان...

**چاوەکانی نوقمی فرمێسک ببوون، چیدیکە نەیتوانی قسە بکات.**

**دوواتر هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و بە لەرزەلەرز هەستایەوە سەر قاچەکانی و ڕۆشتەوە ژورەوە.**

**"ئێمەی قەلەڕەش کاتێک بڕیارێکی هەڵە دەدەین یان کارێک دەکەین کە ئەنجامەکەی ئازاردانی هاوڕێیەکمان بووبێت، ئەوا بۆ بەهەڵەداچوونەوەمان دەڕۆینە شوێنێکی بێدەنگ، لە ژێر ڕۆشنایی مانگ. لەوێدا بەبێ هیچ خواردن و خواردنەوەیەک تا خۆرهەڵاتن بیر دەکەینەوە کە چۆن جارێکیتر ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەینەوە، چۆن ئەم هەڵەیەمان چارەسەر بکەین، یان قەرەبووی بکەینەوە. ئێمە لەو شەوەدا هیچ ناخۆین چونکی**

ئەگەر هەست بە برسیەتی نەکەین ئەوا ناتوانین بە دروستی بیر بکەینەوە. کەچی مرۆڤەکان بۆ گلەیی کردن لە خۆیان و دەورووبەریان دەیانەوێت تەنیا بن لە شەودا".

لە غوارام پرسی: ئەی بۆچی ئەوان سەیری ئاسمان و شتە دوورەکان دەکان؟. لە کاتێکدا ئەوەی کە بۆی دڵتەنگ بوون لەسەر زەوی دایە،نەک ئاسمان.

- مرۆڤەکان لەهەر کاتێکی ژیانیاندا دەشێ توشی بێ هیوایی ببن، ئەوان هەندێک جار لەو شتانە بێهیوا دەبن کە لە نزیکیانە و بە ژیانیانەوە بەندە. ئەگەریش دەپرسیت بۆچی؟. ئەوا پێت دەڵێم کە ئەوان وەک ئێمە نین. ئەوان سەریان پڕە لە پرسیار، ناخیان پڕە لە گوومان.

بەڵام ئەوەش بزانە، کە ئەو جۆرە مرۆڤانەی کە لە شەودا بەدیار ڕۆشنایی مانگدا فرمێسک دەبارێنن ئەوا ئەو مرۆڤە داماوانەن کە ڕۆژێک لەڕۆژان بەدەستی مرۆڤێکیترەوە تێک شکاون.

بەڵێ دەشێت بە دەستی نزیکترین کەسیانەوە شکابێتن.

زۆربەی هەرەزۆری مرۆڤەکان جگە لەوەی بەدوای شکان و لەناوبردنی هەموو زیندەوەرێکەوەن بۆ بەرژەوەندی بەکارهێنانی خۆیان، لەبێ ئاگاییشدا بەدوای ڕووخانی سروشتەوەن.لەسەرووی ئەوانەشەوە چێژ لە شکانی یەکتری دەبینن.

هەرچەندە زیاتر دەڕۆشتین من زیاتر دەربارەی مرۆڤەکانم دەزانی، بەهۆی هاوڕێکەمەوە.

زیاتر دەمویست پرسیار بکەم بەڵام لەبەر هیلاکی ڕێگامان باشتر بوو کە تەنیا گوێ لە غوارای هاوڕێم بگرم.

غوارا گوتی: هاوڕێکەم: ئێمە ڕۆژێک ڕێگامان ماوە.

دوای ئەوەی کە گوتی تەنیا یەک ڕۆژ ڕێگامان ماوە بگەین بە نشتیمانی مرۆڤەکان، ئەوەی من بیرم لێ دەکردەوە ئەوە بوو کە دەبێ مرۆڤەکان لەناو خۆیاندا چۆن بژین و چۆن قسە لەگەڵ یەکدی دەکەن، ئایا ئەوەی قەلەڕەشی باوک دەربارەی مرۆڤەکان پێی دەگوتین، تا چەند بەم شێوەیە.

لەو کاتەدا خەریک بوو دونیا ڕووناک دەبوو، هێشتا تیشکەکانی خۆر دەرنەکەوتبوو، بەڵام ئەوەی سەخت بوو لەو کاتەدا بایەکی زۆر سارد بە ئاراستەی ڕێگاکەمان هەڵی کردبوو.

ئەمە کۆتا ڕۆژی گەشتەکەمان بوو کە دەگەیشتینە سەر زەوییەکی تر، زەویەکی بەهەموو شێوەیەک بۆ من جیاواز.

ئەو کەشوهەوایە زۆر هیلاکی کردبووین بەڵام ئێمە هیچ چارەیەکمان نەبوو جگە لە بەردەوام بوونێکی بە ناچاری.

ئەوەی لەو ڕۆژەدا ئێمەی ڕزگار کرد کەشتییەک بوو کەوتە سەر ئاراستەی فڕینەکەمان، زۆر دوور بوو لێمانەوە.

غوارا گوتی: ئێمە بەختێکی باشمان هەیە، ئەگەر بگونجێت لەسەر ئەو کەشتییە بۆ خۆمان پشوو دەدەین تا بایەکە هێور دەبێتەوە، دوواتر دەکەوینەوە ڕێ.

کە نزیک بووینەوە، بینیمان کەشتییەکە هیچ ناجولێت، چارۆکەکانی هەڵنەکرابوون.

غوارا گوتی: سەیرە!، لەم کەشوهەوا نالەبارە ئەبێ بۆچی ئەم کەشتییە نەجولێت!.

ڕۆشتین بۆ سەر کەشتییەکە، هیچمان نەبینی، لەسەر ڕاگری چارۆکەکەی نیشتینەوە.

غوارا گوتی: لێرە چاوەڕێم بکە، دەڕۆم لە نزیکەوە ناوەوەی دەپشکنم.

ئەو ڕۆشت، پاش چەندێک لە سوڕانەوە، دوواتر لە شوێنێک نیشتەوە لەسەر پشتی کەشتییەکە، لە کونێکەوە ڕامابوو. من لەو کاتەشدا تەنیا چاوەڕێی غوارام دەکرد.

لەناکاو بەپەلە هاتەوە لام و پێی گوتم: بەدووام کەوە با دیمەنێکی سەرجڕاکێشت نیشان بدەم.

بەدووای کەوتم،لەبەردەم کونەکە نیشتینەوە.

گوتی سەیری ژورەوە بکە. کە سەیرم کرد بینیم کۆمەڵێک مرۆڤ بەدیار پیرە مرۆڤێک بە غەمبارییەوە وەستابوون.

پیرە مرۆڤەکە لەسەر پشت کەوتبوو و قسەی بۆ دەکردن.

وا دیار بوو کە ئامۆژگاری، یان ڕێنوێنی دەکردن. گوێمان لێ ڕاگرت و سەیرمان دەکرد.

پیرە مرۆڤەکە دەیگوت:

ئەو پیاوە پیرەی ئێستا دەیبینن لەسەر ئەم جێگایە کەوتووە لە ناو ئەم کەشتییەدا. سەردەمانێک بە هێزی بازو و ئەقلی هەموو دەریاکانی تەی دەکرد.

نە ترس، نە ماندوویی نەیاندەتوانی بێنە سەر ڕێگاکانی، بووم بە خاوەنی کەشتی خۆم، جگە لەوەی سەروەتی هەموو دەریاوانەکان هی من بوون. چەتە نەبووم بەڵام هیچ چەتەیەک نەیدەوێرا بەو دەریایە ڕەت بێت کە تێیدا ئاڵاکەی منی بۆ جارێک بینیبێت.

من خاوەنی هەموو شتێک بووم لەم دونیایەدا، بە جۆرێک کە حەزم بۆ هەر شتێک چووبایە بە دەستم دەهێنا. بە نرخترین شەرابەکانی جیهان لەناو کەشتییەکەی من دەخورانەوەو بەش دەکران.

من خاوەنی هەموو شتێکی ئەم جیهانە بووم، لێ خاوەنی یەک شت نەبووم، ئەویش ژیان بوو، کە نەمبوو. بەڵێ تەنیا یەک شت کە بەدەستم نەهێنا ژیان بوو.

لەو کاتەدا هەمووان بێدەنگ بوون، ئەویش کەمێک ڕاوەستا لە قسەکردن، دوواتر کەمێک بە قورسی گوتی: "هاوڕێکانم، من هەموو شتێکم بینی بەڵێ پا ژیانم نەبینی. من بۆ یەک چرکەش نەمزانی خۆشەویستی چییە، نەمزانی چێژ بینین لەم سروشتە جوانەی زەوی چییە. دەزانم کە ئەمە دوا ساتەکانی ژیانی منن، بەڵام ئەگەر بڵێن دەرفەتت پێ بدەین کە جارێکیتر

بژییێتەوە چی دەکەی و چۆن دەژیت. ئەوا بێ دوو دڵی دەڵێم. خۆم دەشکێنم، بەڵێ ئەو خۆمە دەشکێنم کە پەیکەرێک بووە، بە بەردی ڕەگەزی دڕندەیی باڵای داتاشراوە. دوواتر کەشتیەکەم دەشکێنم، لە پارچەی دارەکانیدا کوخێکی چکۆلانە لەکەنار دەریادا دروست دەکەم.

هیچی ترم ناوێت تەنیا دەمەو ئێواران خۆرنشین ببینم کاتێک پۆلپۆلی مەلەکان بەناویدا تێدەپەڕن.

بەڵام نا... نا...، ئەم ژیانە تەنیا فرسەتێکەو تەواو، من نەمتوانی لەناو ئەم فرسەتەدا خۆم ببینمەوە. بەڵام ئێوە وەک من نەکەن، ئێوە وەک من نەبن بە بەرد. ئێوە نەبن بە بەرد، تا هیچ هێزێک نەتوانێت بە ویستی خۆی داتان تاشێت. بڕۆن دونیا ببینن، بڕۆن کیشوەرەکان تەی بکەن. بڕۆن لە پێدەشتە سەوزەکان دەستی یەکتری بگرن، بەهەر شوێنێکدا ڕەتببن ئەو شوێنە بە ماڵی سروشتی خۆتان بزانن، دڵتان بکەن بە گوڵزار بۆ ماڵی پەپوڵەکان.

ئێوە بڕۆن من جێ بهێڵن... گوێ بە هیچ کەسێک نەدەن، نەڕۆنە ژێر حوکمی هیچ حاکمێک، با سروشت حوکمتان لەسەر بکات، تەنیا سروشت هەقی ئەوەی هەیە."

دوواتر چاوی تەواو کردەوە بۆ سەرەوەی ڕووانی وەک بڵێی سەیری ئاسمان بکات، بە دەنگێکی لاواز، کە گریی پەشیمانی تێدا دەهاتە دەر.

گوتی: ئای... ئەمە چ ژیانێکە خودایە!. بۆچی من هێندە گەمژە بووم، بۆچی من لەخۆم و لە دونیا بێئاگا بووم!.
لەناو ئەو قسانەدا کەسێکیان لەبەردەمییدا دانیشت و توند دەستی گرت. پێی گوت: خەمی ئێمەت نەبێت، تۆ ئێستا پشوو بدە. باش نیە زۆر قسە بکەیت.
پیرە پیاو هاتەوە گۆ: نا هاوڕێم نا...، لێمگەڕێن تا ئەو قسانە بکەم کە نەمتوانی لە ژیاندا بیانهێنمە جێ. ئێوە ئەگەر هاوڕێی منن، چیدیکە هاوڕێی من نەبن. بڕۆن بۆ خۆتان بژین و دونیا ببینن.
جەستەکەم فڕێیدەنە ناو دەریا، لایەنی کەم با ببم بە خۆراکی ماسیەکان، ئەو ماسییانەی لەوەتەی هەم بەرامبەریان دڕندە بووم.

دوواتر دەنگی تەتەلەی دەکرد و کزکز وشە لە زاریدا دەهاتە دەر. من و هاوڕێکەم چیدی گوێمان لە قسەکانی نەدەبوو تەنیا دیمەنەکەمان دەبینی. پاشان بینیمان هەمووان گریان و پیرە مرۆڤەکە لە جولە کەوتبوو.
غوارا گوتی: سەیرکە هاوڕێم، بینیت کە مرۆڤاکان لە ساتی مردنیاندا بەهۆش خۆیان دێنەوە، ئەو کاتە دەزانن هەڵەیان کردووە کە خۆیان لە کۆتایی ساتەکانی ژیانیان دەبیننەوە.
منیش پرسیم: بەڵام چی دەبێت ئەگەر هەموو مرۆڤێک وەک ئەوە بکات کە پیرەپیاوەکە بە هاوڕێکانی گوت؟

- ئەوان ساتەکان و ڕووداوە گەورەکان زوو لەبیر دەکەن، جا بە قسە ڕابگات؟!. مرۆڤەکان تا خۆیان نەبیننەوە لە کونجێک کە مەترسی لەسەر گیانیان بێت، ناتوانن باوەڕ بەوە بهێنن کە ژیان چەندە جوانە ئەگەر بەم شێوەیە نەژین کە پێشتر بۆی ژیاون.

بایەکە خەریک بوو هێور دەبوویەوە و خۆر بەدیار کەوتبوو. غوارا گوتی: با بڕۆین هەندێک خۆراک بدۆزینەوە و بیخۆین. دوواتر، ئێمە لە سەفەرداین و پێویستە هەرچی زووە ئێرەش جێ بهێڵین، زۆرمان نەماوە بگەین.

ناوەڕاستی ڕۆژ بوو کاتێک بۆ یەکەم جار خاکێکی ترم بینی، جیهانێکی نوێم بینی کە تەواو جیاواز بوو.
دارەکان شکێنرابوون، کەنارەکەی شێوابوو، زەوی ڕەش کرابوو.
کە گەشتین، ویستمان لە نزیکترین شوێن بنیشینەوە، لە شوێنێکی پارێزراو دەگەڕاین تا لێیەوە پشوو بدەین. ئەو کاتەی کە بەدووای شوێندا دەگەڕاین گەیشتین بە شوێنی مانەوەی مرۆڤەکان. شوێنێکی بچووک بوو.
هاوڕێکەرم پێی گوتم کە ئەمە پێی دەڵێن لادێ، وە دوواتریش باسی شاری بۆ کردم. کە شار زۆر گەورەیە و پڕە لە مرۆڤ و جەنجالی هاتوچۆیان.
ئەو دەیگوت: ژیانکردنی مرۆڤەکان لە لادێ وەک ئەوە نییە کە لە شاردا بن، ژیانی لادێ پێویستی بە ماندووبون و هێزە، بەڵام لە شاردا شتەکان وا نین. مرۆڤەکان بۆیە دەڕۆن بۆ شار

تا لە یەکتری دوور بکەونەوە، تا بە تەمبەڵی بژین. بەڕاستی مرۆڤەکان لەناو شاردا لە قەرەباڵغی خۆیان ون دەکەن.

لەو ڕۆژەدا زۆر باسی مرۆڤەکانی بۆ کردم. نزیکی ئێوارە بوو کە شوێنێکمان دۆزیەوە خۆراکی زۆری لێ بوو، زەویەکی تەواو داپۆشراو بوو لە خۆراک. چووین تا بیخۆین، کەچی ئێمە بووین بە خۆراک!. هێشتا دانەبەزیبوینە ناو زەویەکە، هاوڕێکەم پێککرا.

دەنگێکی گەورەم بیست، من ئەوکات نەمدەزانی کە مرۆڤەکان چەک بەکار دەهێنن. هاوڕێکەم لەوێ کوژرا بە دەستی خاوەن زەویەکە.

ئیدی لەو ڕۆژەوە سەرگەردانی ڕووی تێ کردم. من بۆ کوێ بچم؟!، کێ هاوڕێم بێت؟!، کێ باسی مرۆڤەکانم بۆ بکات؟!، نا من چیدیکە ناتوانم بەردەوام بم لە ژیان.

لەو کاتەدا مێشکم پڕ ببوو لە بێ هیوایی بەرامبەر هەموو شتێک. ئاخر سەختە لە شوێنێک بیت و هیچ هاوڕێیەکت نەبێت.

ئەوکات نەمدەزانی بەرەو کوێ بڕۆم، نەمدەزانی ئەو ئاراستەی دەگرمە بەر بەرەو کوێم دەبات. تەنیا ئەوە بوو کە تەواوی ڕۆژ ئاراستەیەکی بێ ئامانجم دەگرت و دەڕۆشتم، بەڵام لە خوارەوە و لە ئاسمان زۆر زیندەوەرم دەبینی کە پێشتر هەرگیز نەمبینیبوون.

باڵندە زۆر لە ئێمە گەورەتر، ئاژەڵی زۆر گەورە بەسەر زەویدا دەڕۆشتن. بە بینینی ئەوان من باش دەبووم، چونکە پێم وابوو ئێمە تەنیا نین کە دەبینە ئامانجی مرۆڤ.

شەو لە دارستانەکان دەمامەوە، ڕۆژ لە دووای ڕۆژ لەو بارەی تێی کەوتبووم، ڕادەهاتم.

نزیکبوونەوەم لە باڵندەکانی تر باشتری دەکردم. بیرم لە کۆمەڵەکەمان دەکردەوە کە ئەگەر هەمووان ئێستا لێرە بونایە چەند باش دەبوو. لەسەروی هەموو ئەوانەدا بیرم لە بیری مرۆڤەکان دەکردەوە، کە چ زیندەوەرێکن؟!. تا وای لێهات بڕیار بدەم کە بڕۆم بە تەنیا و بەبێ هاوڕێ جیهانی مرۆڤەکان تەی بکەم. بڕیارم دا لە مرۆڤەکان تێبگەم و بزانم خەریکی چین. ئیدی ئەوە بووە ئامانجی ژیانم.

دارستانەکەم جێ هێشت، پاش چەندێک لە گەشتەکەم گەشتم بە لادێیەکی تر، بەڵام زۆر لەوەیتر گەورەتر بوو. نەمهێشت ترس لە مرۆڤەکان بەسەرمدا زاڵبێت، بەڵام کوشتنی هاوڕێکەمم هەمیشە لەبەر چاو بوو، هەر ئەمەش بوو وای لێ کردبووم بە ئاگاییەوە جوڵە بکەم.

کە گەیشتم، لە سەر دارێکدا نیشتمەوە کە لە نزیک ماڵێکدا بوو، شەو درەنگ بوو دوونیا کپ و بێدەنگ بوو. لە ناکاو مرۆڤێکم بینی لە ماڵەکەدا هاتە دەرەوە و بەرەو ناو دارستانەکە ڕۆشت.

**چاودێریم کرد تا بزانم بەم شەوە درەنگە کە هەموو مرۆڤەکان نوستوون ئەمە بۆ کوێ دەچێت. بەدووایدا چووم تا گەیشتە سەر گۆڕستانێک. ڕۆشتە نزیک گۆڕێک و لە پاڵیدا دانیشت. کەسێکی بێهێز دیار بوو، دەموچاوێکی غەمباری لۆچاوی هەبوو.**

**لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد، کەمێک لێی نزیک بوومەوە تا گوێم لە قسەکانی بێت.**

**سەری بەسەر گۆڕەکەوەنا و گریا، تروسکاییم لە فرمێسکەکانی دەبینی.**

**بە دەنگێکی پڕ لە گریێ، دەیگوت:**

- دایە...

ئەوە منم، کوڕەکەتم
هاتووم لە ئامێزم بگریت
ئاخر دایکە... ئێستا زۆر سەرمامە
هیچ کەسێک ئامێزی بۆ ڤالا نەکردووم
دایکە، باوکەش منی جێ هێشتووە
ئەو دووای تۆ پشتی تێ کردم
دایە..... دە تۆ شتێک بڵێ،
وەک جارن پێم بڵێ، ئاگاداری خۆت بە.
بەڵێن بێت ئاگام لە خۆم بێت.
پێم بڵی، نان بخۆ، بڵێ خۆت گەرم داپۆشە

بەڵێن بێت بەگوێت بکەم.
دایکە، تەنیا با جارێکی تر گوێم لە دەنگت بێت.
من کوڕەکەتم، دایکە.
بۆ قسەم لەگەڵ ناکەیت؟!
ئەی تۆ پێت نەدەگوتم کە مردوەکان دەنگی زیندوەکان دەبیستن!
دەی ئێستا بۆ قسە ناکەیت، کە گوێت لێمە؟.
هیچم نەکردووە تا ڕقت لێم بێت،
تەنیا ئەوە نەبێت کە سەرمامە.
دایکە، دووای تۆ چۆلەکەکان بەیانییان دێن و بانگم دەکەن.
من نازانم ئەوان چیم پێ دەڵێن.
بەلام من دەمەوێت تۆ بانگم بکەیت.
دایکە، ئەمشەو زۆر سەرمامە
مرۆڤەکان هەمووی خەوتوون
تۆش لێرەیت و وەلامم نادەیتەوە
ئیدی من چۆن گەرمم بێتتەوە...

**لەو کاتەدا ڕووی کردە ئاسمان وهاواری کرد، دوواتر سەری توند بە گۆڕەکە کێشا، دەستەکانی بەلاو کردەوە.**
**ئەمە چ دیمەنێکە؟!، ئەوە چ جۆرە ژیانێکە کە مرۆڤەکان تێیدا دەژین؟!. پێشتر سەرۆک باسی مردنی مرۆڤەکانی بۆ کردبووین بەلام بینینی ئەو مرۆڤە تەواو ئەو شەوە مێشکی داگیر کردم.**

دەبوو زیاتر لە مرۆڤەکان نزیک ببمەوە تا لێیان تێبگەم.
ڕۆژ لە دووای ڕۆژ شتی سەیرترم دەبینی، مرۆڤی زیاترم دەبینی لەو لادێیە. ئیدی ئاشناییم لەگەڵ مرۆڤەکان پەیدا کرد و زانیم کە دەبێت چی بکەم تا پارێزراو بم، وەلێ ئەوەم نەدەزانی کە مرۆڤەکان دەیزانن و هەوڵی بۆ دەدەن.
دەمویست بە نزیکبوونەوە لێیان ئەوەش بزانم، ئینجا هەوڵ بۆ دۆزینەوەی کۆمەڵەکەمان بدەم. دووای ڕۆژانێکی زۆر مانەوە لە لادێکەدا، بڕیارمدا کە بڕۆمە شارێک، تا ژیانی ئەوێش ببینم. لە ڕاستیدا چوونم بۆ شار و دۆزینەوەی زۆر ئاسان بوو، هەر ئەوەبوو کە دەبووایە بە ڕێگایەکدا ڕۆشتبام کە مرۆڤەکان بە بەردەوامی پێیدا دەڕۆشتن.
فێر بووم کە ڕێگا قەرەباڵغەکان دەمگەیێننە شارەکان. بەڕێ کەوتم تا گەیشتمە شارێکی زۆر گەورە کە بە ئەستەم ئەوسەریم دەبینی.
کاتێک لە لادێیەکە بووم وەرزی بەهار بوو، بەڵام کە گەشتم بە شار هیچ وەرزێکم نەدەبینی، وە مرۆڤەکانیش هێندە ئالۆز و پەلەیان بوو کە نەمدەزانی چاودێری کێ بکەم و لە کێ ڕابمێنم. وەک بڵێی شتێکیان وون کردبێت و وا بەدوایدا دەگەڕێن.

**زوو توانیم گۆڕستانێک بدۆزمەوە بۆ پشوودان و مانەوە، هەر لە یەکەم شەوی مانەوەمدا، لەسەر گۆڕێک "کاد"م بینی. ئەویش منی بینی بۆیە بە قسەهات و گوتی:**

- گوتم بگری
بە قسەی کردم.
کە لە دایک بوو.،
تا لە ژیانی سەر زەمین بگات
لە خەویدا
پێکەنینم بۆ تەفسیر دەکرد
یاریم لەگەڵ دەکرد تا پێی بگرێت
تا خۆی ببینێت، خۆی بێت.
بەڵام.....
کە گەورە بوو،
پشتی تێ کردم.
کاتێک باڵی پەپولەی قرتاند
هەستی بە حاڵی من نەکرد
کە ئاگری لە چەم بەردا،
چێژی لە گەرمیەکەی دەبینی
کە خوێنی دەبینی تینوەتی دەشکا
کاتێک کەوت
هانای بۆ ناکەسانی برد

دەستی منی نەگرت
کاتێک گریا
لە باوەشم کرد
فرمێسکەکانیم سڕی
کەچی...
هەر هەستی بە گەرمی باوەشم نەکرد
دواجاریش کە مرد
هەمووان جێیان هێشت
کەچی هەر من بووم تا ئەبەد
بە دیاریەوە مام....

**ڕۆژ لەدووای ڕۆژ زیاتر مرۆڤم دەناسی، بۆیە چیدیکە چاوەڕێی هەموو شتێکم لێیان دەکرد. مرۆڤەکان یەک جۆرن، بەڵام بێشومار بیرکردنەوە و کردار**

**ئێوارەیەک لە نزیک پەنجەرەیەک نیشتمەوە، مرۆڤێکی پێگەیشتوو بە تەنیا لەپشت پەنجەرەکەوە دانیشتبوو، پەنجەکانی خستبووە ژێر چەناگەی و کتێبێکی دەخوێندەوە:**

- ئێوارەیەو
بیری جێهێشتن دەکەم
پەنجەرەی ژورەکەم دەکەمەوە
دڵم مەیلی خۆرنشین دەکات
کەچی...
هیچ خۆرێک خۆی ناکات بە دیاری بۆ ئەم کۆڵانەم
دەمەوێت سەیری ئاسمان بکەم،
کەچی...
کۆڵان ناهێلێت
ئەو کۆڵانەی قەت بۆ پیاسەیەک،
دەستی نەگرتووم.
منداڵان چیدەیکە یاری تێدا ناکەن
ئای! خوایە...
ئەم ئێوارەیە چەندە سامناکە
ئەم دەنگەدەنگە خەریکی ژەنینی ئاوازی خوێنینە

هەمووان دەبینم
بە مردوویی بەبەر پەنجەرەکەم تێدەپەڕن!
هیچیان
نەخشەی زەرەیەک ئومێد لە ڕوخساریان بەدی ناکرێت
گوڵی ناو ئینجانەی بالکۆنەکە،
لە ترسا باوەشیان بە دڕکی یەکدیدا کردوە.
چیدیکە لەوە ناچێت
بە ڕوخسارێک فریو بخۆن
هیچ چلە دارێک نابینم
تا چۆلەکەیەک لە تەنیاییدا،
لەسەری بنیشێت
بە توندی پەنجەرەکە دادەخەم
نەفرەت دەکەم لەم کۆڵانە
دەبێت لێرە بڕۆم
کە ڕۆشتیشم
بەبێ جەنتا دەڕۆم
نامەوێت هیچ ئاسەوێرێکی ئەم جەهەنەمەی ئێرە لەگەڵ خۆمدا ببەم.
دەبێت هەموو نەفرەتیەک لەبیر بکەم
دەڕۆم بۆ شوێنێک
خۆرنشین لەبەردەم پەنجەرەکەمەوە بێت
کۆڵان پڕبێت لە پێکەنین

تا ڕوخسارەکان بە زیندویی ببینم
گوڵەکان دەستی یەکتری بگرن
کۆڵانێک پڕبێت لە درەختی پیر
ئەوسا...
وەک چۆلەکەیەکی تەنیا
بە رووتی لەسەر چلێک دار دەنیشمەوە....

**ئەوێم جێهێشت، هێندە نەڕۆشتم، بینیم کچێک لە بالکۆنی ماڵێک بە غەمباری لە خۆر دەڕوانێت، تەنانەت چاویشی دانەدەخست. کە لێی نزیک بوومەوە، ئەویش دەیگوت:**

- دەمەوێت تەنیا بم
تەنیاتر لە بنجە گیایەکی بیابان
دەمەوێت تیشک بم
دەست بئاڵێنم لە قەدی گەرمایی هەتاو
خۆم هەڵبکێشم لە رۆشنایی
وەرە ئەی خۆر...
ئەی تاقانەی ئەبەدیم
وەرە بۆ خۆتم بفڕێنە
من لە مێژە
بەر تیشکی نەفرەتی خەوتوان کەوتووم

وەرە دابەزە
ئەو مەملەکەتە لە خۆم ناگرێت
تۆ خەریکی چیت؟
ئەز ئەسیری تیشکێکم لە تۆوە....

**ئەوێشم جێ هێشت و شەو داهات، ئەو شەوە نەمویست زوو بگەڕێمەوە گۆڕستانەکە بۆیە بەو شوێنانەدا دەگەڕام کە مرۆڤە سەرگەردانەکانی لێیە.**

**لە فڕیندا بووم کاتێک بینیم مرۆڤێک بە دزییەوە دەڕۆشتە لای ماڵێک، دوواتر شتێکی لەبەردەم پەنجەرەیەک بەجێ هێشت و ڕۆشت.**

**چاودێریم کرد تا کاتێک بینیم کچێک پەنجەرەکەی کردەوە و شتەکەی هەڵگرتەوە. دوواتر زۆر بە دڵخۆشییەوە سەیری کرد، دەمووچاوی گەشابووەوە.**

**لەو کاتەدا سەرۆکم بیر کەوتەوە کە باسی مرۆڤەکانی بۆ دەکردین، ئەو دەیگوت ئەوان هەندێک جار قسەکانیان لەسەر کاغەز دەنووسنەوە و بە یەکتری دەدەن، بێگوومان ئەو قسانەی کە ناتوانن ڕووبەروو بە یەکتری بڵێن.**

**زۆر باسی نووسین و نامەی بۆ دەکردین، بۆیە ئەوانەی دەمبینی بەمن نامۆ نەبوون.**

**کچەکە کاغەزەکەی کردەوە و خوێندیەوە:**

- کە بەیانی داهات
زوو دەستی بگرە
هەست بە گەرمی جەستەی بکە
بهێڵە گوێت لە خوێنبەرەکانی بێت
بهێڵە دڵت بۆ ئەو لێبدا
نەهێڵە بای ساردی بێرەحمی لە پەنجەرە بێتە ژورەکەی
نەهێڵە قەت دەستی بلەرزێت
کاتی خۆتی بۆ تەرخان بکە
فێری بکە...
فێری بکە ئەگەر دوژمنێک هەبێت، دۆستێکیش هەیە.
فێری بکە هەرگیز گوڵ نەقرتێنێت
فێری بکە جوانی گوڵ لە دڵی بگرێت.
گەر کەسێک دڵی شکاند،
فێری بکە ئارامی خۆی لەدەست نەدات.
فێری بکە
ئەگەر کەوت و شکا،
لە دەرەوەی خۆی بۆ هیچ پارچەیەکی نەگەڕێت.
فێری بکە، لەگەڵ چاکەکار و میهرەبانان
چاکەکار و میهرەبان بێت.
فێریشی بکە لەگەڵ خراپەکاران نەرم و نیان و لەسەرەخۆ بێت،

بەڵام لە ئامێزیان نەگرێت.
لە سیحری کتێب بۆی بدوێ
فێری بکە کاتێک دڵتەنگ بوو،
بیر لە پەڕەسێلکەکۆچەریەکان بکاتەوە.
فێری بکە هەرگیز ڕق لە دڵ نەگرێت و باوەڕی بە خۆی هەبێت
فێری بکە هەمیشە خۆی بێت لەگەڵ تۆدا
فێری بکە کاتێک تەنیا بوو، لەگەڵ یەکدا تەنیا بن.
بەڵێ، ئەو خۆشەویستی تۆیە
ئەو تۆی!
نەهێڵە قەت وون بێت، توند لە هەمبێزی بگرە.....

ئەم قسانەی لەم نامەیەدا گوێم لێ بوو بەڕاستی کاریگەری لەسەرم هەبوو، چونکە لە قسەی باوکێکی چاکەکاری دەکرد بۆ کۆمەڵەکەی. ئەوەشم هەمیشە لەبیر بوو کە مرۆڤەکان وەک یەک نین بەڵام من پێویستیم بەم جۆرە قسانە هەبوو، زیاتر پێویستم بە مرۆڤەکان بوو لەم کاتانەدا.

بەڵام ئەوەشم دەزانی کە مرۆڤەکان هەمیشە وەک قسەکانیان نین، ئەوانەی دەنوسن مەرج نییە لەخۆیاندا پەی پێ ببرێت.

هاوڕێکەم لە ڕێگادا پێی گوتم کە مرۆڤ بەجۆرەها شێوە یەکتری ئاراستە دەکەن، هەندێک لەوانەی کە دەنوسن، نوسینەکانیان هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ژەهر، چونکە بەڕاستی ئەقڵی ئەوانیتر پێدەکوژن.

ئەمانە زۆر دڕندە و فریودەرن، بەڵام مرۆڤانێکیش هەن لەپێناو جوانی و شکۆداری مرۆڤ دەنوسن، بوونیان بۆ تەفسیر دەکەن.

**هەر لەو شەوەدا کوڕێکی سەرگەردان لەشوێنێکی تاریکدا دانیشتبوو، لەبەر خۆیەوە دەیگوت:**

- کاتێک هاتمە دەرەوە
هەموو شتێک گۆڕا بوو
شار هیچ ئاسەوارێکی زیندویی نەماوە
شەقامەکان تێکەڵ بوون
من سەری لێ دەرناکەم، کە ئەو هەموو خەلکە بەو قالبە ئاسنە بۆ وا گێژگێژ دەسوڕێنەوە.
بەدوای چیەوەن؟!
ناونیشانەکان پڕ کراون لەنوسینی جوان ڕەنگاوڕەنگ
بەلاّم من هیچی لێ تێناگەم
نازانم بەچ زمانێکی زەمەنی بێرەحمی نوسراون.
بازاڕ پڕ کراوە لە گۆشت!
هاوڕێ، من لە گیانی خۆم دەترسم.
بەلاّم خەلکەکە وەک بلّێی تەپابێتن
ئەرێ کێ هەستی کوشتوون؟!
میوانخانەکان پڕبوون لە قومارباز
کوچەکان تێلبەند کراون، دیوارەکان پڕکراون لە مانشێتی شۆڕش و جەنگ.
من سەرمسوڕ دەمێنێت هیچی لێ تێناگەم!

لەلایەک دەبینم خەلکانێک بە جلی ڕەش دەگرین و سنگیان دەکوتن.
لە لاکەی تریش کۆمەڵێک مرۆڤ گرد بونەتەوە و هاوار دەکەن
کە لێیان نزیک دەبم
دەبینم دوو ئاژەڵیان بەرداوەتە گیانی یەکتری!
هاوڕێکەم... ئێرە ڕۆژمێری وەرزەکانی نییە
ئەی ئەگەر هەیە کوا؟ بۆ نایبینم؟!
لێرە بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن کە دەبێت یەک ڕەنگ بپەرستیت!
باخچە تاوانە، لەسەری دەکوژرێیت!
بە گێژەگێژ بە شەقامەکاندا سەر دادەنوێنم و دەڕۆم
قاچەکانم تێک دەئاڵێن و ئەم شەقامانەم بۆ نابڕدرێت
پێخواسانە ڕێگا دەگرم وەک قەرەجێکی بێ نشتیمان
هاوڕێکەم... من ناتوانم چیدیکە بڕۆم!
لێرە دادەنیشم
یادداشتەکانم لەم شارە دەنوسمەوە
هەمووی لە چاوما دەنوسمەوە
کە ڕۆژێک منت بینیەوە، بیانخوێنەوە.
بەڵێ وەک ئاشقە فریشتە ئاساکان پەنجەکانت بخەرە ژێر چەناگەت و،
چاوەکانم بخوێنەوە.
پڕە لە داتای کوژراو و بێحورمەتی ئەم شارە کاولبوە.....

**کەسێکی ڕیشداری پیر لە کۆلانێکدا قسەی بۆ مرۆڤە تازەپێگەیشتوان دەکرد، وادیار بوو کە ئەویش دەخوێنێتەوە. ئەوانیش بە دەموچوێکی پڕ لە مەراق گوێیان بۆ گرتبوو کە دەیگوت:**

- سەردەمێک کە گەشتیار بووم
هەموو بەیانییەک بۆ سلاوێک
چاوەڕێی خۆرهەلاتنم دەکرد
بارکۆڵەم پڕ دەکرد لە تکەی شەونم
دەچووم بۆ شارە ونبووەکانی ئەودیو سنور
ڕوەو شار لە ڕێگا...
بە لێوار ڕووبارەکاندا تێدەپەڕیم
ماسییەکانم دەهێنایە سەما
کاروانچی ڕێگام دەهێنایە گۆرانی
لەسەر شاخە بەرزەکان،
باڵدارەکان ڕێنوێنییان دەکردم.
لە پێدەشتە سەوزەکان،
ئەسپی ئەبەدیم تاو دەدا.
بگەیشتباما هەر ئاوەدانیەک
لە دوورەوە هەمبێزی رۆحیان بۆ والا دەکردم
دەگەیشتمە شاری ونبوو...
شەقامەکانم پڕ دەکرد لە هەناسەی ڤەژین

بە ئومێدەوە لە کۆلانەکان،
شادیم دەبەخشی،غەمگینیم لێ دەسەندن.
چرام پێ دەبەخشین، تاریکەسەلاتم لێ دەسەندن
سەودای درڕک و گوڵم لەگەڵ دەکردن
چ خۆشبەختیەک بوو!
تەژی بووم لە عەشق
بەڵام ئەفسوس...
ئێستا شەوە گەشتیارێکین
شەوێک سوارگەشتەی ڕێگایەکین کە خۆمان تێدا وون کردووە
شەوێک بەدووای سلاوی ئازیزێکمان،
دەرگا بەدەرگای هەموو کاروانسەرایەکی غەریبی دەکوتین.
شەوێک بیری گەشتیارێک، کە ڕۆژگار لێ ون کردوین و ئێستا ویڵین بە دووای سۆراخێکی.
شەوێک کەشتی هیڤیمان لە ئۆقیانوسی فرمێسکی سەرین، غەرق دەبێت.
شەوێک ئەژنۆ شکاو کەوتوین
کەچی هیچمان ناگەین!
ئای خودایە!...
چ موسافیرێکی بلەزین
کە هەمیشە نەخشەی شوێنێک و دیدارێک لەسەر ڕوخسارامانا جێ دەمێنێت
کەشتی گەشتەکەش لەنگەری کۆتایی دەگرێت.....

**وادیار بوو ئەم پیرە پیاوە دەیەوێت لە ڕێگای گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی، ئامۆژگاری تازەپێگەیشتووەکان بکات. یەکێکیان لە پیرە پیاوی پرسی: ئەی ڕۆژی بەختەوەری چ ڕۆژێکە؟، دەتوانی پێمان بڵێی...**
**ئەویش سەیری کتێبەکەی کرد، گوتی:**

- سپێدەیە!
کە ڕادەبیت و دەبینیت
زەردەپەڕ بەسەر شەونمدا ئاوازی بەیانی دەژەنێت
بولبول گۆرانی دەچڕێت
کە دێیتە دەرەوە دەبینیت
قەلەڕەش هەمبێزی بۆ پەپولە ڤاڵا کردوە!
لەو ڕۆژەدا
خۆر و مانگ پێکەوە لە ئاسمان دەبینرێن!
ئەستێرەکان بە ڕۆژی ڕوناک دەتروسکێنەوە
سەیری ئاسمان بکەیت هەموو هەسارەکان دەبینیت.
هیچ شتێک دوور نییە، هیچ دوورێک ون نییە!
ڕووبارەکان دەستی یەکتریان گرتوە
بەکەیفەوە بەرێدەکەون بۆ ڕژانە نێو ئۆقیانوسەکان
لەو ڕۆژەدا،
زەوی سەوز بە گوڵی سپی داپۆشراوە.
پەڵکەزێڕینە لە جیاتی هەوری ڕەش، ئاسمانی تەنیوە

پۆل پۆلی ڕیشۆلەکان بە بەردەوامی دێن و دەڕۆن
هیچ خوێنێک نییە بۆ ڕشتن
هیچ دڵێک نییە بۆ شکاندن
هەموو شتێک لە سەرەتا دایە
هیچ شتێک نیە تا فەرهەنگ، یاخود داتا و یادداشتی بۆ بنوسرێتەوە.
وای لەو ڕۆژە!.....
کە دەستی یەکتری دەگرین، بۆ پیاسە نا!
بۆ ڕۆچوون بە جوانی هەنگاو دەنێین
چیدیکە خەوی باڵندەی زێڕین نامانباتەوە.
بەڵێ هاوڕێیانم
ئەم ڕۆژە هیچ شەممەیە!....

**دوواتر، یەکێکی تر لێی پرسی، ئایا هیچ مرۆڤێک هەیە کە بەڕاستی لە خەمی مرۆڤایەتی مردبێت؟.**

**ئەویش گوتی بەڵێ هەیە.... دوواتر گوتی:**

- دەترسا!
دەترسا لەوەی کە روودەدات
لە دۆقە و ماچی مرۆڤەکان دەترسا
نەیدەوێرا بە ڕووی کەسەکان پێبکەنێت
کە دڵتەنک دەبوو،
چرای ژورەکەی بە دەستە لەرزۆکیەکەی
دادەگیرساند.
دەستی دەدایە کتێبە کۆنە مێژووەکان
بەبێ ئەوەی هیچ بخوات و بخواتەوە
بەسەر خوێندنەوەی کتێبەکەدا دەخەوت
کە بەخەبەر دەبویەوە
لە ڕادیۆ کۆنەکەی باوکی گوێی لە هەواڵەکانی دەوڵەت دەگرت.
بە دزییەوە
لە پەنجەرەکەوە گوێی لە باوکی دەگرت
کاتێک باسی دواهەمیین رووداوەکان لەگەڵ هاوەڵانی دەکات
هەموو ئێوارەیەک
لە کاتی خۆرنشین دا، لە بالکۆنە بچوکەکە
سەیری باڵندەکانی دەکرد بە ئاسمانەوە،

تا تاریکی دادەهات و باڵندەکان ون دەبوون.
هەموو خزمان و دۆستانی باسیان دەکرد
هەندێک بە فریشتە ناویان دەهێناو
دەیانگوت: چەندە کەسێکی باشە، زەڕی بۆ هیچ رۆحلەبەرێک نیە و بۆ خۆی بە بێدەنگی دەژییێت.
هەندێکیش بە گەمژە و خەلەفاو ناویان دەبرد.
کۆتا شەو
بەر لەوەی بۆ دواجار چاوی دابخات
بە جەستەیەکی سارد
بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکی بێ هیوایی
لەسەر پارچە کاغەزێک نوسی:
"ئەی مرۆڤە لاوازەکانی ئادەم، بۆچی خەوی باڵندە زێڕینەکان دەبینن؟!"
لەپێناو چیدا، درۆی یەکترشکان دەکەن؟!...
دواجار چاوی لێکنا و ڕۆشت
ئەو تەنیا کچێک بوو، باڵا بەرزی ئەسمەر
پرچێکی ڕەشی درێژ و چاو کاڵ
ئەو "داڵیان" بوو!.

**ڕۆژەکان تێدەپەڕین، منیش زیاتر لە مرۆڤەکان نزیک دەبوومەوە. زیاتر جیاوازییەکانی مرۆڤم هەست پێ دەکرد، زیاتر ئاڵۆزی ڕووی تێ دەکردم بەهۆی زانین لەسەر ناخ و کارەکانی مرۆڤ.**

**تا وای لێ هات گوێ لە خەیاڵی مرۆڤەکان بگرم، مرۆڤەکان هەندێک جار خەیاڵەکانیان دەهێننە قسە، ئەو کاتانەی کە خۆیان لە بێ دەسەڵاتی دەبیننەوە.**

**وەک ئەمەی کە یەکێک لە مرۆڤەکانی ئەو شارەم بینی کە لە شوێنێکی بەرزەوە خەیاڵەکانی بۆ خۆی دەگێڕایەوە، دەیگوت:**

- هەموو ڕۆژێک بەر لە خۆرنشین ئەو دێت و دەستم دەگرێت
دەمرفێنێت بۆ شارێک کە هیچ ناونیشانێکی پێدا هەڵنەواسراوە
شارێک، کە هیچ بازاڕێکی تێدا نابینم
هیچ پەیکەرێک نابینم
تەنیا ئەوە دەزانم کە کۆڵانەکانی بە ناوی گوڵەکانن
پیاسە دەکەین، دەبینم...
خەلکەکەی جلی ڕەنگاوڕەنگیان پۆشیوە
هیچ قسەیەک ناکەن
کەچی هەموو کارێکیشیان پێکەوەیە!
لەو شارەدا هیچ کەسێک ڕابردووی نییە
هیچ داهاتویەکیش نییە!
هێندە عاشقی یەکترین

لەهەر جێژوانێکیان گوڵێک دەڕوێنن
منداڵەکانی منداڵن، گەنجەکانی گەنج و پیریش پیر.
کەسەکان لە زمانی باڵندەکان تێدەگەن، پێکەوە گۆرانی دەچڕن
چەند سەیرە هەر یەکێکیان خۆی ئامێرێکە بۆ ژەنین!
هیچ کتێبێک، فیلمێک، ڕۆژمێر و داتا..... بونی نییە
تەمەن تێیدا تەنیا یەک ڕۆژە، هیچ کەسێکیش چاوەڕێی مردنی کەسانی تر ناکات!
بەڵێ لەو شارەدا ژیانی ڕاستەقینە دەبینم
ژیانێکی بێ فێڵ و درۆی یەکترشکان
هیچ جوگرافیایەکی وەک ئێرە نییە
هیچ نەخشەیەکی لێرە ناچێت.....

**لە ڕاستیدا ئەوەی ئەو دەیگوت هیچ ڕاست نەبوو چوونکە خۆی بۆخۆی دروستی کردبوو، بەڵام لەوە تێدەگەیشتم کە لە پەست بوونیەتی لەم ژیانەی لەو شارەدا بەسەری دەبات.**
**مرۆڤ، تەنیا ناوێک نییە، ئەوە ئاڵۆزترییینە.**
**ماوەیەکی زۆر لەو شارەدا مامەوە بۆیە زۆر شتم بینی، مرۆڤگەلێکی جیاوازم بینی، کە هیچکامێکیان لەوەی تریان نەدەچوون.**

**دووای تێپەڕینی ماوەیەک بڕیارمدا لەو شارە بڕۆم. بەڵام بەر لەوەی ئەم شارە جێبهێڵم، بەشێک لە خەڵکەکەی زۆر شێوابوون. دوواتر زانیم کە ئەوانە بەهۆی ئاشکراکردنی یەکێک نهێنییەکانیان بەم شێوەیە شێواون.**
**بەڵاوبوونەوەی نامەیەک بوو لە کەسێکی نهێنی، کە تێیدا نووسرابوو:**

- سڵاو گەورەم...
من "ڕاز"م
نەخێر، با وەک پێشوو پێت بڵێم.
من سەرۆک بەش ڕازم... ئێستا منت بیر کەوتەوە؟!
چەند ساڵێکە نەمبینیویت
ببورە تۆم تەنیا بە نەفرەت بیر دەکەوێتەوە
گەورەم... بیرتە ئەو شەوە لە دووای کۆبونەوەی ئاسایشی نیشتیمانی بە دوات ناردم؟.
بۆ ژوری هاواڵگری.
چەندە گەمژە بووم

بەوپەڕی شانازیەوە لە خۆم دەڕوانی
بەخۆمم دەگوت: ئاخۆ سەرۆکی وڵات چ کارێکی بە منە.
لەگەڵ هەنگاوەکانیش دەترسام ئاخۆ ئەبێ بەدفەرمانیەکم کردبێت؟!
یان هەڵەیەک رووی دابێت!
بیرتە کە هاتمە ژوورەکە
دەستت لەسەر مێزەکە چەقاند و ئاهێکی قولت هەڵکێشا؟
دوواتر گوتت وەرە پێش، ڕاز.
کە هاتم دەستت خستە سەر شانم، پێت گوتم:
ڕاز... لەناو گشت کارمەندانی دەزگای هەواڵگری وڵات تەنیا تۆم هەڵبژاردوە بۆ ئەرکێکی یەکجار سەخت.
گوتت ئەمە ئەرکێکە لە نێوان ژیان و مردن دەبێت و ڕەنگە بە زیندویی نەگەڕێیتەوە.
زۆر باش دەموچاوە بێهیواکەتم بیرە کە پێت گوتم:
داهاتوی وڵات پەیوەستە بەو ئەرکەتەوە، تکایە بە سەرکەوتویی بگەڕێوە نشتیمان.
ئەوکات خوێنم گەرم بوو، دڵم خێرا لێیدەدا.
لەهەمان کاتیشدا ئەژنۆم دەلەرزی
وام دەزانی تۆ خودایت و فەرمانم پێ دەکەیت!.
زۆر پەشۆکاو بوویت کە دۆخی وڵات خراپ تێک چووبوو بەهۆی نەفامی خۆت و داردەستەکانتەوە

سەرۆک تۆ فەرمانت پێ کردم کە سیخوڕی بەسەر سەرۆکی پارتی کۆماری وڵاتی خۆرئاوا بکەم و دواتر ژەهرخواردی بکەم.
بەڵام سەرۆک، ئەو کاتەی کە بەڕێگاوەبووم، بۆ وڵاتی خۆرئاوا دوای ماندوبوونێکی زۆر لامدایە کاروانسەرایەکی سەر سنور.
سروشتێکی زۆر جوان و دڵڕفێنی هەبوو
گۆماوێکی بچوکی لێوە نزیک بوو.
" ئەوکات هیچم نەدەزانی، جگە لە تەکنیکەکانی کوشتنی مرۆڤ و سیخوڕی کردن!"
سەرۆک... ئەو شەوە باقەباقی بۆقەکان سیخوڕییان بەسەر کردم!
سەرت سوڕ نەمێنێت کە بڵێم هەموو منیان داگیر کرد.
ئەگەر چی زۆر بێ رەحم بووم، بەڵام ئەو شەوە بیرم لەخۆم داما.
وەک منداڵێکی تازە لەدایک بوو
نەمزانی ئەو شەوە چۆن خەو بردمیەوە
بەڵام کە چاوم کردەوە بینیم تیشکی خۆر لە پەنجەرەکەوە دێتە ژوورەکەم
زۆر بە گەرمی هەڵسام و چومە بەر پەنجەرەکە تا سەیری دەرەوە بکەم
بینیم دایکە چۆلەکەیەک زۆر بە بێدەنگی و مات لەسەر چلی دارەکە نیشتوە.
لەو ساتەدا هەموو شتێکم لەبیر کرد تەنیا بیرم لە بێدەنگی دایکە چۆلەکەکە کردەوە.

ئێستاش بەم شەوە کە ئەم نامەیەت بۆ دەنوسم
لەهەمان کاروانسەرام و ئێستاش دەنگی بۆقەکان دەبیستم
بەلام نەفرەت لە خۆت و نشتیمانەکەت دەکەم
نەفرەت لە ئالا و سەروەریەکانت کە چەندانی وەک من
تەمەنکوژ دەکەن بۆ تێرکردنی غەریزەکانی خۆتان
ئێستا ئالای من پێدەشتە سەوزەکانە،
سەروەری من خۆرە.
سرودی نشتیمانیم جریوەی چۆلەکە و باقەی بۆقەکانە.
نەفرەت لەتۆ سەرۆک، نەفرەت لەتۆ گەورەم.....

**ئەو شەوەی لە لادێیە بچووکەکە مامەوە، کۆتاکانی پاییز بوو، باران بە لێزمە دەباری، دەنگی هەورە بروسکە هەمووانی هەراسان کردبوو، ئاو لەسەر زەوی جۆگەلەی کردبوو. لە ناکاو گوێم لە دەنگی هاواری ناخی مرۆڤێک بوو کە دەیگوت:**

**--** نامبینن؟!
ئەی ئەوانەی کە نامبینن
وەرن گوێم لێ بگرن
باسی خۆمتان بۆ دەکەم، کەتنەکانی خۆم.
ئێوە نامناسن
هەڵەبوون کە واتان زانی بوو منیش وەک ئێوەم
دەتانگوت برا، هاوڕێ و دۆستی یەکترین!
نا......
من هەرگیز وەک ئێوە لە جنسی فریشتەکان نەبووم
من سێوە حەرامەکەم نەخوارد
بەڵام قابیل نەبوو،
من بووم هابیلم کوشت.
من بووم ئەم گوڵزارم بە خوێن ئاودا
من بووم دەرسی کوشتنم تێکەڵ بە دەفتەری قەدەرتان کرد
ئەوە منم ئێوە لە بینینی جوانی زەردەپەڕی بەیانی بێبەش دەکەم

ئەوە منم بەرد دەگرمە خۆرنشین
پێی دەڵێم: نێیتەوە بۆ ئەم کەونە خرابەی ئێرە!
ئەوە منم
بەهەر باخێکدا ڕەتبوبێتن چلی دارە ئومێدیەکانم قرتاندوە
گوڵەکانیم ئەتک کردووە
ئەوە منم
کانیاوەکان پڕ خوێن دەکەم و دەرخواردی ئەقلی ئێوەی دەکەم
ڕەزەکانتان وشک دەکەم
ناهێڵم هیچ هەنارێکی ژیانەوە بگرێت
ئەوە منم
پاساریەکان فێر دەکەم ڕیقنە بەسەر ئەم فەرشە نەخشێنراوەتان ببارێنن
دەنوکی بولبولەکان دەقرتێنم
تا چیدیکە گۆرانی" بەیانییە" نەخوێنن
چاوی قەلەڕەشەکان دەردەهێنم
تا چیدیکە ڕێنوێنیتان نەکەن
ناهێڵم چیدیکە ئێوە بە نرخ بن
بە زیکزیککەرە دەڵێم:
گوێچکەتان پڕ بکات لە زیکەزیکی نائومێدی.
بەڵێ ئەوە منم
ئەوە من بووم پێکەوەژیانم لێ تاڵ کردن
ئاماژەم بۆ کۆتری سپی کرد، بە ئاسمانەوە.

فیکەی یەک جەنگی یەکتر خۆریم لێدا
کورسیم بۆ ڕازاندنەوە
من بووم شادیم لێ سەندن، شارم پێ دان
بەخشینم لێ سەندن، بازاڕم بۆ دروست کردن
ئەها ئەوە من بووم!
ئەقلم لێ سەندن، فێری یاریم کردن بە گیانی یەکتری!
بەهەشتم لێ سەندن، مەیدانی جەنگم بۆ دروست کردن
باوەڕم لێ سەندن، بەیداخم بۆ دروست کردن
پێستم لەبەرداکەندن، جلی بریقەدارم بۆ دروست کردن
هاوڕێکانم...
من قاچتان دەشکێنم، دەرگای خەیاڵتان بۆ واڵا دەکەم
دەستتان فێری وەشاندنی خەنجەری غەدر دەکەم
ژوانگەتان بە ئاگر خەرمانە دەدەم
ناهێڵم لە چاوی یەکتری ئەوین ببینن
ناهێڵم لە دەستی یەکتری گوڵ ببینن
ناهێڵم خۆتان لە یەکتری هەڵبکێشن
هاوڕێکانم
من خەڵتانی خوێنی ئێوەم
هیچ ڕێگایەک نییە تا دڵۆپێک بارانی پاکی ببارێنێتە سەر پیسی من
ئەز لە جنسی تاریکی و خوێنم
لە پیسترین دەقی چیرۆکی نێو کتێبە ونبووەکانەوە هاتووم!

لە ڕەنگی ژەنگی یەکەم خەنجەری براکانتانم
من بووم جەستەی سەربڕاوم پێ نیشاندان
تا ئاشنا بن بە گیانی یەکتری
خوێنم حەڵاڵ کردن، خوێن!
من پاک نابمەوە
قاچی من بیابان دەهێنێت، گەردەلول بەرپا دەکات
با چیدیکە تێپەڕ نەبم!
ئەوە منم هەموو بەیانیەک تاعوون بەسەر ماڵە هەژارەکان دەبەشمەوە.
ئەوە منم ئێوە بەردەدەمە گیانی یەکتری، ئێسقانەکانتان دەشکێنم
ئێوە بێ گوناحن!
تەنیا منم ڕۆحتان لە جوانی بێبەشتان دەکەم
نەخشەدانەری جەنگی ئەبەدی ئێوەم
ناهێڵم ئاشنا بن بە ڕەنگی گوڵ، بە خوڕەی ئاو
بە گوڵی گەنم، بە عەشقی گوڵەبەڕۆژە بۆ خۆر
من دڵتان دەر دەهێنم و دەیکەم بە ئینجانەی دڕک
گوێچکەتان داغ دەکەم
ناهێڵم چێژ لە قاسپەی کەو ببینن
من پڕتان دەکەم لە خۆم، لە تاوان.
بەڵێ ئێوە وەک من نین
من مرۆڤم، مرۆڤ!

ئەی ئەوانەی کە نامبینن
وەرن ئەوە منم
بەسە ئیتر بمناسن
بەسە.....

**بۆ ماوەیەکی زۆر لەو لادێیە مامەوە، خەلکەکەی بە جۆرێک بێئاگا بوون کە تەنیا ئاگایان لە ژماردنی ڕۆژەکانی هەفتە بوو. بۆخۆیان دەژیان، لەسەر ئەو ئاوەی کە سەرچاوەی ژیانییان بوو.**

**لەو ماوەی کە لەوێ مامەوە، کۆمەڵەیەکم ناسی، ئەوانیش بە ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردم. بەڵام مانەوەم لەوێ بەهیچ شتێکی نەدەگەیاندم جگە لە پارێزراوبوونم، منیش ئامانجم ئەوە نەبوو، هەر بۆیەش ئەوێم جێ هێشت. لەو ڕۆژەی کە ئەوێم جێ هێشت، بە زۆر شوێنا گەڕام، زۆر کۆمەڵەی جیاوازم بینی، لە گەڵێک مرۆڤ بە ئاگا ببووم. کەچی هیچ مرۆڤێکم نەبینی وەک مرۆڤە پاییزیەکە دان بە دڕندەیی مرۆڤ بنێت.**

ئێوارەیەکی سارد بوو کاتێک گەشتمە نزیک لادێیەک، لادێیەکی چکۆلانە بوو، بە کەرستەکان و ئاژەڵەکانی ناو لادێکە وا دیار بوو کە ماڵی چەند جوتیارێکی سەر سنور بوو.
پێویست بوو هەرچی زووە شوێنی قەلەڕەشەکانی ئەو لادێیە بدۆزمەوە تا ڕێنوێنیم بکەن. دووای گەڕان بەسەر لادێیەکەدا، هیچم بۆ نەدۆزرایەوە تا لە دوورەوە گوێم لە قیغەیەک بوو.
دەیگوت: هێی ونبووەکە، وەرە بۆ ئێرە. بەو بانگ کردنەی هێز و ئومێدم بۆ گەڕایەوە، چونکە زۆر هیلاکی ڕێگا بووم تا گەیشتم بەم لادێیە.
بەڵام کە ڕۆشتم بۆ ئەو شوێنەی کە بانگی لێوە کردبووم، کۆمەڵێک قەلەڕەشی زۆر تووڕە و زل دەورەیان لێ دام. بە بێدەنگی دەیانەویست پەلامارم بدەن، زیاتر لە کۆمەڵەیەکی دڕندەی ڕێگر دەچوون،

لە دوواوە یەکێکی سەرزلی پەڕگڤ گوتی: وا دەزانی ئێمەش فریوی فێڵەکانتان دەخۆین ئەی نەفرەتییانە.

نەمدەزانی ئەو کەلەزلە باسی چی دەکات بەڵام پێیانم گوت کە من ڕێگام وون کردووە، هاتووم تا ئێوە ڕێنوێنیم بکەن. بەهەرحال دووای چەندین لێپرسینەوە ڕاستی منیان بۆ دڵنیا بوویەوە، کە من غاکتاییم.

هەموو قەلەڕەشانی زەوی ڕێز لە غاکتاییەکان دەگرن. ئینجا سەرزلەکە زۆر بە هەیبەتەوە پێشوازی لێ کردم، کە هەرگیز لەگەڵ ڕەفتارەکانی پێشووی نەدەوەشایەوە.

دەرچوو کە ئەو سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو، بردمیە شوێنێک کە خۆراکی زۆری لێ بوو، تا تێرم نەخوارد نەیهێشت قسە بکەم، هەمیشە ئەوەی پشتڕاست دەکردەوە کە ئەوان کۆمەڵەیەکی باش و یارمەتیدەری قەلەڕەشە ڕێبوارەکانن.

کە تەواو بووم لە خواردن پێی گوتم: ئینجا پێم بڵێ کە ئێمە دەتوانین چیت بۆ بکەین؟.

بەر لەوەی داوای یارمەتی لێ بکەم پێیم گوت: بۆچی گومانتان لە من کرد؟ خۆ منیش وەک ئێوە قەلەڕەشم، یان شتێک ڕووی داوە؟.

دووای ئەو پرسیارەم سەری نەوی کرد و هیچ وەڵامێکی نەبوو، دیاربوو کە ئەم پرسیارەم ئازاری دابوو، بەڵام من دەمویست شتەکان بزانم، بۆیە دووبارە لێیم پرسییەوە. ئەمجارە بە دەنگێکی غەمگینەوە،گوتی: ماوەیەک بەر لە ئێستا کە

سەرەتای وەرزی بەهار بوو کە تازە وەرزە ساردە سەختەکەمان بەڕێ کردبوو، وەک کە تۆ ئێستا هاتی، قەلەڕەشێک هاتە نێو کۆمەڵەکەمان، وەک تۆ خۆی پێناسە کرد کە لە داماوی خۆی ون بووە.

ئێمە زۆر باش پێشوازیمان لێ کرد، ئەوکات کۆمەڵەیەکی زۆر گەورە بووین، کەچی هەموو شتێکی وێران کرد. کۆمەڵەکەمانی ژێردەستی مرۆڤەکان کرد و لەگەڵ خۆی بردن.

ئێستا دەپرسی چۆن وای کرد، لە ڕاستیدا ئەو قەلەڕەشێکی ئاسایی نەبوو، ئەو مرۆڤە نەفرەتییەکان دروستیان کردبوو تا کۆمەڵەکەمان ببەن و قەلەڕەش لەناو بەرن.

ئەوە چیرۆکێکی ئاسایی نەبوو کە گرنگی پێ نەدەم هەرچەندەش کاتێکی قورس بوو بۆ سەرۆک بەڵام من هەر پرسیم.

- چۆن توانی وا لە کۆمەڵەکەتان بکات؟

- پێم گوتی کە ئەو ئاسایی نەبوو، مرۆڤ دروستی کردبوو. دووای ماوەیەکی کورت لە مانەوەی لەناو کۆمەڵەکەمان، شەوێکی وەک ئێستا بوو ئێمە ئەوانەی کە ئێستا ماوین ڕۆشتبووین بۆ ناو دارستانەکە بۆ خۆراک پەیا کردن، کاتێک گەڕاینەوە هەموو شتێک وێران ببوو.

دووای چەندین ڕۆژ لە سۆراخ کردنیان بەوە گەشتین کە مرۆڤە نەفرەتییەکان کۆمەڵەکەمانیان ڕاو ناوە لە ڕێگای

قەلەڕەشەکەی خۆیانەوە. ئێمە کۆمەڵەیەکی زۆر بەهێز بووین وە دەسەڵاتمان بەسەر هەموو ئەو ناوچانە دا هەبوو.

دوواتر گوتی بەهەر حاڵ، چیرۆکەکانی ئەو زەمەنە هیچ باش نین. فەرموو تۆ بۆچی غاکتات بەجێ هێشت؟

- پێویست بوو کە جێی بێڵم، ئێستا لە جیهانی مرۆڤەکانم، لە ڕێگادا تا بێرە گەیشتووم تووشی زۆر ڕووداو هاتووم. زۆر دیمەنم بینیوە لە مرۆڤەکان کە پێشتر تەنیا گوێم لێ ببو.

- تۆ تەنیا ئەوانەت بینیوە کە دەبینرێن؟

- بۆ؟ دەبێت چی تر ببینم؟.

کەوایە تۆ هێشتا مرۆڤ ناناسیت، تۆ تا ئێستا نازانی مرۆڤەکان خەریکی چین. ئەوانەی کە تا ئێستا بینیوتە تەنیا مرۆڤگەلێکی داماو بوون کە لە دونیای خۆیان بێ خەبەرن. مرۆڤەکان زۆر لەوە دڕندەترن کە تۆ بینیوتە و باسیان بۆ کردووی.

هەرگیز لەو مرۆڤانە مەترسە کە بە چاوەکانت دەیانبینیت، بەڵکو لەو مرۆڤانە بترسە کە نابینرێن. ئەو مرۆڤانەی مرۆڤ بەرهەم دەهێنن. ئەوانەی یاری بە سروشتی زەوی دەکەن. بەڵێ هاوڕێم لەوانە بترسە کە تا ئێستا نەتبینیون. تۆ ئێستا لەگەڵم وەرە با بڕۆین شوێنێکت پێ نیشان بدەم...

من لەبەر تامەزرۆیی زانینی جیهانی مرۆڤەکان گوێم بە ماندووبونەکەم نەدا و بەدوایدا فڕیم.

ماوەیەکی زۆر لە فڕین بەردەوام بووین بە ئاراستەی شاخەکاندا. نیوەی شەو تێپەڕی بوو کە کەوتینە ڕێ.

نزیکەی بەرەبەیان بوو کاتێک گەشتینە سنوری دارستانێکی چڕی شاخاوی، تەم ناو دارەکانی داپۆشی بوو.

پێی گوتم:

- لێرەوە لێم دوور نەکەویتەوە.

- بۆچی؟

- لەبەر ئەوەی نامەوێت بە ئاسانی بمریت!.

- تۆباسی چی دەکەیت؟... ئێرە دارستانێکە و تەواو.

- نا... ئێرە ئەو دارستان نییە کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە و دەیبینیت!.

ئەوەی من لەو کاتەدا دەمبینی جگە لە دارستانێکی چڕ هیچی تر نەبوو، کەچی ئەو هاوڕێیەشم پێی دەگوتم بە ئاگاییەوە بەدوامدا وەرە.

کەمێکی تریش لە قەدی چیاکە نزیک بووینەوە، دوواتر لەسەر شاخێکدا نیشتینەوە. پێیم گوت: ئێستا باسی ئێرەم بۆ بکە، دەتەوێت چیم پێ نیشان بدەیت؟

لەو کاتەدا بە تورەییەکی بێدەنگ کە چاوەکانی ڕقی لێ دەباری، ئاماژەی بە قەدی چیاکەی بەرامبەرمان کرد.

گوتی: سەیری ئەم شاخە بکە!.

دەزانم کە تۆ لە شاخێک و کۆمەڵێک دار زیاتر نابینیت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە دروست کراوی دەستی نەفرەتییەکانە!. لەوێدا

دەرگایەکی نهێنی هەیە کە پێیدا دەڕۆنە نێو دونیای نەفرەتی خۆیان.

- مەبەستت چییە لە دونیای نەفرەتی؟!

- سەیرکە... ئەم شوێنەی کە ئێستا باسیت بۆ دەکەم و خۆشت وا لە دوورەوە دەیبینیت، مرۆڤە داماوەکان لێی بێ ئاگان. لەناو ئەم شوێنەدا جیهانێکی تر هەیە، کە دەکەوێتە قوڵایی ناخی زەوی.

- مرۆڤەکان لەوێن؟

- بەڵێ... ئەوێ دروستکراوی دەستی مرۆڤە نەفرەتییەکانە، لەو جیهانەدا ئەو مرۆڤانە دەستکاری سروشت دەکەن. دەستکاری مرۆڤ دەکەن، دەستکاری ئاژەڵان دەکەن.....

- با بچین لە نزیکەوە ببینین.

- گەمژانە بیر مەکەوە، ئێمە هەرگیز ناتوانین لەوێ نزیک ببینەوە چونکە ئەوێ بەشێک نییە لە سروشت. ئەوان پارێزگاری توندی لێ دەکەن تەنانەت مێشولەیەکی بچوکیش ناتوانێت لەوێ نزیک ببێتەوە. کۆمەڵەکەی ئێمە ئێستا لەوێن.

پرسیم کە تەنیا ئەم شوێنە هەیە؟

- نا..... چەندین شوێنی نهێنی وەک ئێرە لەسەر زەوی هەیە و مرۆڤە داماوەکان لێی بێخەبەرن. وە چەند شوێنێکی تریش هەیە کە تێیدا ئەم نەفرەتییانە چەک دروست دەکەن.

- چ جۆرە چەکێک؟

- چەکی کۆکوژ، چەکی ئاراستەگۆڕی سروشت، چەکی تیشکی،..... چەندان چەکی تر کە ڕۆژانە بێبەزەییانە لە ژێر ئەم زەویەدا لەسەر گیانداران تاقی دەکەنەوە.

ئێمەی قەلەڕەش لێی بێئاگا نین، بەڵام هیچمان پێ ناکرێت جگە لە بە نەفرەتکردنیان.

- مەبەستیان چییە؟

- مەبەستی ئەوان دەستبەسەرداگرتنی زەوییە، دەیانەوێت خۆیان باڵادەست بکەن بەسەر هەموو جیهان. لەبەر ئەوەیە کە هەر شوێنێکیان بوێت، کاوڵی دەکەن.

ئەوان دەیانەوێت زەوی و ئاسمانەکان لە خزمەتیان بێت، تەنانەت ژێر زەوی و ژێر زەریاکانیش.

ئەوەی سەرۆک باسی دەکرد توشی سەرسوڕمانی کردبووم، هەمیشە لە خۆمم دەپرسی، ئایا مرۆڤ لەپێناو چیدا ئەم کارە دڕندەییانە دەکات.(مرۆڤ لە هیچ شتێکی کەم نییە جگە لە خودی خۆی، کە پشتی تێ کردووە).

پێی گوتم کە ڕۆژێک دادێت ئەم نەفرەتییانە دێنە سەر زەوی، ئەوان دێن و دەست دەگرن بەسەر سروشتی زەوی و ئاسمانەکان، چونکە ئەوان کەلێن دروست دەکەن بۆ هاتنە پێشەوەیان.

ئەوان گەر بیانەوێت دارستانێک داگیر بکەن، ناچن شەڕی لەسەر بکەن، بەڵکو دەچن بەدەستی خەلکەکەی خۆی دەیسوتێنن، تا وای لێدەکەن بۆ ژیان نەشێت.

ئینجا ئامێرە دروستکراوەکانی خۆیانی بۆ دەهێننە پێش، خەڵکەکەش هێندە داماون کە وادەزانن بۆ ژیانەوەی دارستانەکە هاتوون.

بەڵێ ئەوان لە دەستبەسەرداگرتنی زەوی و مرۆڤە داماوەکان ناوەستن، ئەوان لەم شوێنانەدا نەخۆشی کوشندە بۆ مرۆڤە داماوەکان دەنێرن، لە ڕێگای دروستکردنی زیندەوەری بچووک کە هەڵگری چەکی نەفرەتی خۆیانن.

بەڵام لەوە دڵنیابە کە لە کۆتاییدا نوێبوونەوەیەک هەیە ئەویش سروشتە کە چیدیکە بەرگەی مانەوەیان ناگرێت و غەرقی خۆیانی دەکات.

دوواتر پێی گوتم، ئەگەر دەتەوێت زیاتر بزانیت و ببینیت، ئەمشەو لەناو کۆمەڵەکەمان بمێنەوە. بەیانی دەتبەم بۆ شوێنێک کە ئاسەواری دڕندەیی مرۆڤەکانی لەسەر ماوە. خۆمیش دەمویست ئەو شوێنانە ببینم، بۆیە ئەو شەوە بڕیارمدا لەناو کۆمەڵەکە بمێنمەوە.

لەو شەوەدا ئەویش هاوشێوەی قەلەڕەشی باوک باسی مرۆڤەکانی بۆ دەکردم.

باسی ڕووداوێکی کرد، کە دەیگوت: لە نشتیمانێکی باشور نەخۆشییەکی کوشندە بەڵاو بوەوە، وای کرد زۆربەی مرۆڤەکانی ئەوێ بمرن، بەڵام هێندەی نەبرد نەخۆشییەکە لەناوچوو!.

منیش لێیم پرسی چۆن؟،

گوتی، مرۆڤە نەفرەتییەکان چاویان بڕیبویە ژێر زەوی نشتیمانەکە. زۆر هەوڵیاندا تا پارێزەرانی نشتیمانەکە ڕازی بکەن تا لەوێ ئامانجی خۆیان بپێکن، بەڵام خەوەنەکانی ئەوێ ڕازی نەبین.

ئەوانیش باسەکەیان داخست تا کۆن بوو، دوواتر لەڕێگای چەکە نەفرەتییەکانیان نەخۆشییەکی کۆکوژیان لەوێ بەڵاو کردەوە، بەڵام نەخۆشییەکە بە هێواشی پەرەیدەسەند و هیچ چارەسەرێکیشی نەبوو.

ئەوانیش لەڕێگای ڕوخسارێکی ترەوە خۆیان گەیاندەوە نشتیمانەکە بە بیانوی ڕاگرتنی نەخۆشییەکە، ئەوان نەخۆشییەکەیان ڕاگرت، بەڵام لە دیوێکیتر هەندێکیان خەریکی ئامانجەکەیان بوون.

کە ئامانجەکەیان هێنایەدی، ئینجا گوتیان چارەسەرمان دۆزیوەتەوە، دوواجار نەخۆشییەکەیان بۆخۆیان لەناوبرد.

ئەوان بۆ پێکانی ئامانجی خۆیان مرۆڤە داماوەکان دەکەن بە قوربانی، مرۆڤە داماوەکانیش لەو بارودۆخانەدا ئەوان بە ڕزگارکەری خۆیان دادەنێن.

بۆ بەیانی کەوتینە ڕێ، ماوەیەکی درێژ بەردەوام بووین لە فڕین. تا گەیشتین بە شوێنێک، پێی گوتم باش سەیری ئەم ناوچەیە بکە!. شارێکی بچووک بوو لەناو چەقی دارستانێکدا، ڕووبارێکی بەلادا تێدەپەڕی.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانم بوو لەو کاتەدا، مردوویی ئەو شارە بوو!. ئەوێ شارێکی مردوو بوو، نە هیچ مرۆڤێک و نە هیچ ئاژەڵێکی تێدا دەژییا، شارێک کە جگە لە سیمایەکی ترسناک هیچی تری لێ بەدی نەدەکرا.

لە سەرۆکم پرسی، ئێرە بۆچی وایە؟!، بۆچی مردووە؟!. بەدەم فڕینەوە، گوتی: ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا، ئێرە شارێکی جوان بوو بۆ ئێمە و مرۆڤەکان و هەموو باڵندەکان

ماڵێکی ئارام بوو. بەڵام لە شەوێکدا هەموو شتێکی پێچەوانە بوویەوە.

ئەم شارەیان کوشت، ئێرە بوو بە دۆزەخ. لێرەدا و لەو شەوە دۆزەخییەدا تەقینەوەیەک ڕوویدا. هەناسەدانمان وەستێنرا، تەواوی هەوا ژەهراوی ببو، بەشێکی زۆر کەمی باڵندەکان توانییان ڕزگاریان ببێت، ئێرە بوو بە گۆڕستانی سەر زەوی.....

ئەو تەقینەوە مرۆڤەکان کردیان، بەڵێ مرۆڤە نەفرەتییەکان بەسەر داماوەکانیان کرد. لێرەدا قەلەڕەشی دایکم بیر کەوتەوە کە باسی تەقینەوەیەکی لەم جۆرەی بۆ کردین. بەڵێ ئەوێ نشتیمانی پێشووی قەلەڕەشی باوک و دایک بوو.

ئای! چەند دیمەنێکی سامناکە ئەم نشتیمانە. ئەمە چ دۆزەخێکە سەرۆک!....

دوای بینینی ئەم شارە ڕاستی ڕقی سەرۆکم بۆ دەرکەوت کە بە درێژایی ژیانمان لە نشتیمانی غاکتا بۆی دەردەخستین. دووای تێپەڕینی ئەو هەموو ماوەیە ئەم شارە ئێستاش سیماکانی ترسی لێ دەبارێت.

سەرۆک گوتی: تەنیا ئێرە نییە کە ئەم جۆرە چەکانەی بەر کەوتووە!. مرۆڤە نەفرەتییەکان دەستی چەپەلیان بەهەموو شوێنێکی جوان گەیاندووە.

هەتا گەڕاینەوە ناو کۆمەڵەکە، شەو داهاتبوو. سەرۆک داوای لێ کردم کە لەناو کۆمەڵەکەیان بمێنمەوە، سەرۆک و

کۆمەڵەکەی ڕێزێکی زۆریان لێ نام، ئەو بەیانییەی کە کۆمەڵەکەیانم جێ هێشت، سەرۆک ڕێنوێنی کردم بەوەی کە بڕۆم بۆ شارێکی گەورە.

گوتی لەوێ کۆمەڵەیەکی لێیە کە ئەوان زیاتر دەربارەی ژیان و پێشکەوتنی مرۆڤەکانم لە شاردا فێر دەکەن. ئەو ئاراستەیە ڕۆشتم کە دەمگەیێنێتە شارە گەورەکە، لە ڕێگادا گەشتی مرۆڤەکانم دەبینی لەسەر زەوی، دیسانەوە لەو ڕێگایەدا هاوڕێکەمم بیر کەوتەوە، کە لە پاڵمدا بە دەستی مرۆڤەوە کوژرا.

ئەمەش ڕقی بۆ دروست کردبووم بەرامبەر بە مرۆڤ، بەڵام توانیبووم تا ڕادەیەک ئەم ڕقە بشارمەوە بۆ ئەوەی نەبێتە ڕێگر لەبەردەم فێربوونم، لە ڕاستیدا ئەوەی وای کردبوو ڕقەکە هێندە پەرە نەسێنێت، مرۆڤە دەگمەنە باشەکان بوون، وە مرۆڤە داماوەکانیش کاریگەرییان هەبوو، بەڵام هەمیشەش دەڵێم ئەوان جێی بەزەیی نین چونکە هەڵەی خۆیانە دەهێڵن نەفرەتییەکان بەکاریان بهێنن.

دیسانەوە گەشتێکی ماوە درێژ تا بگەمە شاری گەورە. ئەم گەشتانە زۆر ماندوویان دەکردم بەڵام ئیدی ئەوە ئامانجی من بوو.

شاری گەورە هیچ وەرزێکی نەبوو، شاری گەورە قەفەسی مەلەکان بوو، شاری گەورە گۆڕستانی هەستەکان بوو. شاری گەورە هەموو شتێکی هەبوو، تەنیا ژیان نەبێت.

مرۆڤەکان شانیان بەر شانی یەکتری دەکەوت، کەچی ڕۆژەڕێیەک گیانیان لێکەوە دوور بوو. لەو شارەدا کۆمەڵە هەبوون، بەڵام ئەوان دیلی دەستی مرۆڤەکان بوون، مرۆڤەکانیش کۆیلەی ئامێرەکان بوون. ئەوەی لای من سەیر بوو، تۆڕە پەیوەندییەکانیان بوو. چونکە بە باوەڕی ئەوان بۆ نزیکبوونەوەیانە لە یەکتری، بەڵام لەڕاستیدا بۆ کوشتنی هێواشی گیانی زیندووی خۆیان بوو.

قەلەڕەشانی ئەوێ دەیان گووت: "مرۆڤەکان ئامێریان دروست کرد، کەچی ئامێر ئەوانی بەکار هێنا".

ئەوان ڕۆژ لەدووای ڕۆژ زیاتر لە یەکتری دوور دەکەوتنەوە، زیاتر لە ناخی خۆیان دوور دەکەوتنەوە. تا وای لێهات هیچ هێزێک لەناو خۆیاندا شک نەبەن. تا وای لێهات سروشت لەلایان ببێتە ئەفسانەیەکی باوەڕپێ نەکراو.

شەوێکیان لە ماڵێک ڕامابووم، دوو کەس لە ماڵەکەدا بوون، وادیار بوو ژن و پیاوێک بوون. پیاوەکە لە ژوورەکەدا ویستی دابنیشێت، لەجیاتی بۆ لای کورسیەکە بڕوات، کورسیەکە خۆی هاتە ژێری!، دوواتر گوتی: کەشتییەکم ئامادە کردووە تا پێکەوە گەشتی هەفتەیی بکەین بۆ ناو سروشت. لەوێ دەتوانین سەیری ئاژەلە گەورەکان و باڵندەکان بکەین و دوور لە جەنجالی شار کاتێکی خۆش بەسەر بەرین، هەوایەکی پاک هەڵمژین هەم بۆ ئێمە و هەمیش بۆ کچکەمان، من دەمەوێت لەناو سکت هەوای سروشت هەڵمژێت نەک هی ئەم شارە وێرانە.

ژنەکە پێی گوت: تۆ باسی چ جۆرە خەیاڵێک دەکەیت؟، ئەم شوێنە لەکوێ هەیە؟.... لەناو ئەو گفتوگۆیانە بوون، کاتێک هەموویان کوژانەوە، دیار بوو کاتەکەیان تەواو ببوو.

ئێستا کەشتی لای ئەوان لەجیاتی بەناو دەریادا بڕوات، بە ئاسمانەوە بوو.

ئەوان ئامێریان دروست دەکرد تا بانگەشەی دۆستی ژینگەی پێ بکەن، بەڵام خۆشیان ئەوەیان دەزانی کە خەلکە داماوەکە چەواشە دەکەن.

ئەوان بەوەوە نەوەستان تا خەلکەکەیان بۆ ئاراستەی بە ئامێربوون دەبرد، دوواجار بردیان.
ئاخر ئێمەی قەلەڕەش دامانزانی کە مرۆڤ هەموو شتێک دەکات بۆ دژایەتی کردنی سروشت. هەر ئەمەش بوو کە بووە هۆی لەدەستدانی مرۆڤ خۆی، دواجاریش وێرانکردنی سروشت.
ئەوان دارەکانی شاریان دروست دەکرد.
لەو شارەدا مرۆڤەکان ببوون بە کاڵای دەستی ئاراستە کەران، ئاراستەکەرەکان لەناو شاردا داردەستەیان هەبوو. کە بە ناچارییەوە ئەوەیان جێبەجێ دەکرد کە ئاراستەیان دەکرا. مرۆڤەکان لەگەڵ هەموو شتێکدا ڕادێن، لەگەڵ خۆیان نەبێت. لەو شارەدا هەندێک جار بیرم لەو مرۆڤانە دەکردەوە کە ئەو کاتەی هاتم بۆ جیهانی مرۆڤەکان، لە شار و لادێ بچووکەکان، نامەیان بۆ یەکتری دەنوسی.
ئەوانەی باسی خۆشەویستی و پیاسەیان دەکرد، ئەوانەی باسی بەخشندەیی و دادپەروەرییان دەکرد..... هەموو ئەوانە هیچ شتێک نەمایەوە تا لە شەوەکاندا لێیان ڕابمێنم، تەنانەت شەویش بوونی نەما.
مرۆڤەکان لە شەو دەترسان. چیدیکە تاقەتی سەیرکردنی ئاسمانم نەما، ئاسمان پڕ ببوو لە ئەستێرەی درۆیینە!. ئیدی لەوە تێگەیشتم کە مرۆڤ هەموو شتێک دەکات بۆ شکاندنی هەموو بوونەکان!. مرۆڤە نەفرەتییەکان هەموو شتێکیان داگیر

کرد، مرۆڤە داماوەکانیان کرد بە کاڵا و ئامێری دەستی خۆیان.

ئەوان مرۆڤی زیندوویان نەدەویست، ئەوان لەجێگای مرۆڤەکان، مرۆڤی ڕەقیان بەرهەم دەهێنا. ئەو مرۆڤانەی کە بە ئاراستەی خۆیان ئاراستە دەکران.

بەڵام مرۆڤانێک هەبوون بانگەشەی ئەقڵیان دەکرد، هەندێکیش هەوڵی دیڵکردنی ئەقڵی ئەوانیتریان دەدا لە ڕێگای درۆکانیانەوە کە گوانە دەتوانن ژیانیان بۆ دابین بەکەن.

ئەم جۆرە مرۆڤانە پێکەنین و گریانیان، گەورەترین چەکی دەستیان بوو بۆ داگیرکردنی ئەقڵی ئەوانیتر.

ئای!... مرۆڤە بەگیانەکان لەکوێن!؟...هیچ شتێک نەما تا بۆی بمێنمەوە، هیچ ڕۆحێکی بەئاگا لەم شارە نابینم، هەست بە ناخی هیچ مرۆڤێک ناکەم.

منیش خەریکە تەمەن هێزی خۆیم بۆ بەیان دەکات. بۆیە بڕیارمدا تا شوێنێکی زیندوو نەبینمەوە، چیدیکە نەمێنمەوە لەهیچ شوێنێک.

دووای زەمەنێک لە گەشتکردن بەسەر دەریا و ئۆقیانووسەکان، تێپەڕین بەنێو جیهانی مرۆڤەکان. دووای تەمەنێک ماندوویی و تەنیایی، گەیشتم بە نشتیمانێکی بچووک.

نشتیمانێک کە بەیانییەکانی غاکتای بیر دەهێنامەوە، بەڵام ئەوەی جیاواز بوو ئەوەبوو کە لەو نشتیمانە کۆتا و نوێیەمدا مرۆڤ هەبوون.

مرۆڤانێکی جیاواز تێدا دەژیان، هیچ لەو مرۆڤانە نەدەچوون کە پێشتر بینیبووم. قەبارە بچووک و پشت چەماوە، چاوێکی کز و قژێکی تێکئاڵاو. ئەوان گرنگییان بە جەستەی یەکتری نەدەدا، گرینگییان تەنانەت بە قسەکردنیش نەدەدا. ئەوان بەرووی یەکتریدا زەردەخەنەیان نەدەکرد، ئەوەی هەبوو تەنیا خۆیان بوون وەک جەستەیەکی شێوەبەردی جوڵاو، بەڵام زۆر بە لاوازی جووڵەیان دەکرد، خواردنیان ڕووەک بوو لەگەڵ ماسی جارجار.

ئەوەی منی لەم نشتیمانە هێشتەوە بیرکردنەوەی کچێکی بچووک بوو بەرامبەر مرۆڤ و دونیا. هەبوونی دایکێکی بە ئاگا بوو لە جیهان.

ئەم دایک و کچە شێوەیان وەک خەڵکەکە نەبوو، ئەگەرچی لاواز بوون بەڵام وەک ئەوانیتر نەبوون.

کچەکە هەموو ئێوارەیەک بەرلە خۆرنشین، دەستی دایکە پیرەکەی دەگرت و دەیبرد بۆ سەر تەپۆڵکە شاخێکی هەنداو دەریاکە، ڕووەو خۆرنشین دادەنیشتن، دەربارەی مرۆڤ و زیندەوەران، پرسیاری لەو پیرە دەکرد.

کە یەکەم ڕۆژ گەیشتم بەم نشتیمانە ئێوارە بوو، بایەکی نەرم هەڵیکردبوو، دایک و کچە بچووکەکە لەسەر تەپۆڵکە شاخەکە دانیشتبوون.

کە لێیان نزیک بوومەوە، کچەکە پرسیاری دەکرد.

- دایکە، ماسییەکان بیر دەکەنەوە؟

- بەڵی، ئەوانیش بیر دەکەنەوە.

- ئەی بۆچی دەهێڵن ئێمە بیانخۆین؟، بۆچی لە ئێمە نزیک دەبنەوە؟.

- کچەکەم، ماسیەکان وەک ئێمە بیر ناکەنەوە، بیرکردنەوەی ئەوان سنوری ژینگەی خۆیان تێناپەڕێنێت.

- دایکە، دووێنێ لە پیاوەپیرە ڕاوکەرەکەم پرسی.

ئەو پێی گوتم کە تەنیا ئێمە نایانخۆین، بەڵکو ئەوانیش زیندەوەری بچوکتر دەخۆن، ئەوانیش لەسەر زیندەوەری تر دەژین.

– ئەو ڕاستی پێ گوتووی، ئێمە بۆ بەردەوامبوون لەسەر زەوی پێویستمان بە یەکترییە.

– بەڵام دایکە، چی دەبێت ئەگەر ئێمە ماسیەکان نەخۆین؟، ئەوان زۆر جوانن.

– ئێمە دەتوانین ئەوە بکەین، بەڵام مرۆڤ بە گشتی ناتوانێت ئەوە بکات.

– مرۆڤ بە گشتی!؟، بۆ دایکە جگە لە ئێمە هیچ مرۆڤێکی تر هەیە؟

– کچەکەم... گوێم لێبگرە، تەنیا ئێمە لەسەر زەوی نین، بەڵکو مرۆڤگەلێکی تریش هەن، ئێستا وەک ئێمە لە شوێنێکی تردا دەژین. دەشێ لە ئێمە دوور بن و وەک ئێمە بێئاگا بن لە هەبوونی مرۆڤانێکیتر.

کچم.....، ئێمە بە ئاسانی نەگەیشتووین بەم سەردەمەی ئێستا و ئەم شوێنە، ئێمە ڕابردوومان هەیە.

– ڕابردوو!، ئەی دایکە جگە لە تۆ، بۆچی هیچ کەسێک باسی ڕابردووی بۆ نەکردووم؟

– کێ بۆت باس بکات؟

– ئەم خەڵکە، پیرە پیاوە ڕاوچییەکە....

– نا، ئەوان هیچ شتێکیان بیر نییە.

- ئەی تۆ چۆن بیرتە؟
- ئازیزەکەم، ئەو خەڵکە بەر لەوەی بێن بۆ ئێرە. یادەوەرییان لەدەست دا. تەنیا چەند کەسێک نەبێت کە ئێستا ماون، بەڵام ئەوانیش باسی هیچ شتێکی ڕابردوو ناکەن.
لەبەر ئەوەی هێندە بە قورسی شکاون هێزی ئەوەیان نەماوە باسی برینەکانی ڕابردوویان بکەن.
- بۆچی؟، چۆن؟!
- کچم..... ئێمەی مرۆڤ فریومان خوارد!، ئێمە ئاراستە دەکراین بەرەو لەدەستدانی ڕۆح.
کچەکەم، ئەمڕۆ تۆ لێم دەپرسیت، بۆچی ئێمە ماسی دەخۆین. بەڵام ڕابردووی ئێمەی مرۆڤ پڕە لە چیرۆکی کەوتنە گیانی یەکتر.
ئێمە سەردەمانێکی پڕ لە ئاڵۆزیمان بەڕێکردووە، سەردەمانێکی پڕ لە چارەڕەشی، پڕ لە ژمارە.
- ئەی من و تۆ، چۆن لێرەین؟
- ئێمە بەر لەو خەلکە هاتین بۆ ئەم ئەشکەوتە، کاتێک لەگەڵ باوکت هاتین بۆ ئێرە، تۆ لە سکم دابویت.
- ئەی کوا باوکم؟، بۆچی ئەو لێرە نییە؟
- ئازیزەکەم..... باوکت بۆ گەشتێک منی هێنا بۆ ئێرە، بەڵام دوواجار جێی هێشتین و خۆی گەڕایەوە شار. ئەو ژیانی ئێمەی ڕزگار کرد!.

لەو ماوەیەدا بەرلەوەی تۆ پێ بگریت، تەنیا دوو نامەی گەیشتە دەستم، لە نامەی یەکەم نوسیبووی،: ئێستا وای لێهاتووە هەر مرۆڤە و خودایەک بۆخۆی دروست بکات، ئەوانەشی زیاد لەهەر کەسێک باسی خودایان دەکرد، ئەوان پێش هەموو کەسێک خودایان ون کرد، کەچی ئەو بەیانییەی کە بینییان بەردە سێگۆشەکانی بیابان کەوتوون، هەمووان لە کەللەی خۆیان هاواریان بۆ تەنیا ناوێکی نامۆ دەبرد!.

لە نامەی دووەمیش نوسیبووی: ئەو شارانەی کە بە درێژایی مێژوو بانگەشەی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانییان دەکرد، ئێستا بۆتە پارچەیەکی بێکۆتا لە ئاو، کە تەنیا دەتوانی بەکەشتی لە ئاسمانەوە بیانبینی!.

کچەکەم، ئەوکات ووشە گرینگی نەمابوو. ئەوان باسی چەندیان دەکرد!.

ئەگەر ئێستا مابوونایە، دووساڵ پێش ئێستایان بە کارەسات ناو دەبرد.

- دایکە، بۆچی پێشتر ئەمانەت بۆ باس نەدەکردم؟

- ئازیزەکەم، تۆ بچووک بووی، مێشکت توانای قبوڵکردنی ئەم باسەی نەبوو.

بەڵام ئێستا تۆ گەورە بوویت و تەنیا کەسیت لێرە بتوانی مرۆڤایەتی بنیاد بنێیتەوە. چونکە تۆ دەتوانی بیر بکەیتەوە.

- دایکە... ئێستا پێم بڵێ ئەم مرۆڤانە بۆچی وەک ئێمە نین؟

- کچەکەم... ئەمانە بەر چەکی یادەوەرکوژ کەوتوون!، ئەمانە لە سەردەمی مرۆڤە ڕەقەکان ڕزگاریان بووە.

- ئەی چۆن گەیشتوون بە ئێرە؟

- کچەکەم پێش ئەوەی ئەوان بێن، ئێرە دەریا نەبوو!، ئێرە شاخێکی بەرز بوو لەنێو دارستانێکی چڕ بە دەوریدا ڕووبارێک هەبوو، بەڵام دوواتر هەموو ئەم شوێنانەی کە دەیبینی، ژێر ئاو کەوتن، بوو بەو دەریایەی کە ئێستا خۆرنشینی تێدا دەبینین.

ئازیزەکەم.... وەک چۆن مرۆڤ گەشە دەکات، سروشتیش بە گۆڕانکارییەکانیەوە گەشە دەکات.

کاتێک دارێک دەشکێت مانای ئەوە نییە کە ئیتر دارەکە بوونی نەما، بەڵکو دەبێت باوەڕت بەوە هەبێت کە ئەم دارە هێشتان ڕەگەکەی ماوە و دوواجار دەڕوێتەوە.

کچەکەم، ئێستا مرۆڤەکان وەک ئەم دارشکاوە وان. بەڵام ئەوەی جیاوازە ئەوەیە، دارەکان بەدەستی مرۆڤەکان دەشکێن و مرۆڤەکانیش هەر بەدەستی مرۆڤەکان شکێنران!. بەڵام کچەکەم تۆ ئێستا هەیت، تۆ نەشکاویت، "تۆ دەبێت مرۆڤایەتی بە بۆنی دووای یەکەم بارانی پایز ئاشنا بکەیتەوە".

تۆ دەبێت دارەشکاوەکەی ناخیان بە قەترە شەونمی جوانی بەیانی ئاو بدەیت. مرۆڤەکان بگەڕێنەرەوە سەر ڕێگای جوانی و میهرەبانی. تۆ دەتوانی ئەوە بکەیت.

ئێستا هەموو خەڵکەکەی ئێرە گوێت لێ دەگرن و دەزانن کە تۆ وەک منیت، بۆیە هیوایان پێتە و بێهیوایان نەکەیت.

کچەکەم..... هەمیشە ئەوەت بیر بێت کە سەردەمانێک ئەم جیهانە هەموو بستێکی بەشکرابوو، ئاسمان و زەوی و دەریا و زەریاکان هەر بستێکی بە ناوێک و کەسانێکەوە دیل کرابوون، هەموو ڕەنگەکان بەش کرابوون، مرۆڤ لە قالبی کات دا دیل کرابوو، ڕۆژەکان ڕۆژمێری سروشتیان لەدەستدا، شکۆی مرۆڤ بۆ ژمارەکان ڕۆشت، بەڵام تۆ ئەوە نەکە.

با ئەم نشتیمانە بەبێ ناو بێت، با ڕۆژەکان ناویان ژیان بێت، با زەوی خۆی بێت، باماڵی هەموو بوونێک بێت.

بەڵێ کچم تۆ دەتوانی ئەمە بکەیت، دەتوانی فێریان بکەیت کە باڵداری ڕەش مانای نەهامەتی نییە!.

کچەکەم، ڕۆژانێک ئەم زەویە پڕ بووە لە گیانداری جۆراوجۆر، پڕ بوە لە باڵندە. بەڵام ئێستا تەنیا چەند زیندەوەرێکی بچوک لێرە دەبینیت.

بەڵام کچەکەم ئەوەش بزانە کە ئاژەڵەکان دیسانەوە پەرەسەندنی سروشتی دەکەن، دیسانەوە بەپێی پێویستی سروشتی زیاد دەکەن. بەڵام وریابە! بیانپارێزن.
مرۆڤەکان کاتێک بە ئامێرەتیشکییەکانیان هاتنە پێش، ئەو کاتەبوو کە زەوی بۆ ئاژەڵەکان بوو بە دۆزەخ.....
- دایکە، زیاترم بۆ باس بکە.
- با بڕۆینەوە ئەشکەوتەکە، لەوێ.

خۆر هەموو تیشکەکانی خۆی پێچایەوە و بردی، کچەکە دەستی دایکە پیرەکەی گرت و بردییەوە نێو ئەشکەوتەکە. ئیتر ئەم نشتیمانە بۆ من و دایکە پیرەکە هیچ جیاوازییەکی نەما.
کچەکەش کەوتە نێو پرسیارە گەورەکانی بوون و مان....

مرۆڤ بە گیانی خۆی، زەوی بە سروشت نامۆ بوو، زەریاکانی لەناو خۆیاندا جەنگی مانەوەیان دەکرد لە دەستی شەپۆڵەکانی خنکان. کەشوهەوا گۆڕا، چیتر زردەپەڕ نەدەبینرا، هێندە مانگ دروست کرابوون، بەئەستەم دەمتوانی مانگی ڕاستەقینە بدۆزمەوە.

ئەو ئاژەڵانەی توانای خۆگونجاندنیان نەبوو، ئەوانەشی دەستی مرۆڤی پێ گەشت لەناوچوون.

ڕۆژ لەدووای ڕۆژ ئاسمان هەناسەی بۆ ئێمەی باڵندە پێ نەدەما، کەچی بۆ خۆیان هەناسەی دەستکردیان دروست کردبوو، سەر زەوی بە خانوی بەرز، شاری دەستکردی نەفرەتییەکان داپۆشرا.

کەشتییەکانیان لە ئاسمان هەڵگری شاری دەستکرد بوون، لە لایەن مرۆڤە ڕەقەکانەوە بەڕێوەدەبران، بەڵام بۆ ئێمە دۆزەخ بوو.

مردن کەم بوو، مەگەر داماوەکان!. تەمەن زیادی کرد لە بێئاگایی، مرۆڤە نەرمەکان لەسەر زەوی زۆر بوون، تا وای لێهات هەر جارەو نشتیمانێکیان لەناو بەرن.

مرۆڤەکان ڕۆژەکانیان سنوردار کرا، کاتەکانیان تەنیا بەخۆیانەوە بەند بوو، ئەوان بوون بە ئامێری دەستی ئامێرەکانیان.

مرۆڤەکان باڵندە نەبوون، کەچی ماڵەکانیان بردە ئاسمان. ماسی نەبوون، کەچی ژێر دەریاکانیان داگیر کرد. کرمیش نەبوون، کەچی ناخی زەوییان پوچەل کرد بە دروستکردنی شارە نەفرەتییەکانیان.

ئای!... کاتێک مرۆڤم دەبینی وەک بەردێکی جوڵاو بوو، کاتێک مەرگی باڵندەکانم دەبینی، کاتێک ئاژەڵە ناڕەسەنەکانی دەستی مرۆڤم دەبینی.

ئاخر ئەوان لەجیاتی ئاژەڵی سروشت، ئاژەڵی ناڕەسەنیان دروست کرد، ئەوان باڵندەی بەکارهێنیان دروست کرد.

مرۆڤەکان شەڕی پێشکەوتنی خۆیان بەسەر یەکتریدا دەکرد، کەچی گیاندارەکان دەگریان.

گیاندارەکان بۆ نەمانی خۆیان و بۆ وێرانی زەوی دەگریان، هەموومان ئەوەمان دەزانی کە مرۆڤەکان هەموو شتێک وێران دەکەن، تەنانەت خۆشیان لە بێئاگاییدا تێکدەشکێنن.

هەمیشە قسەکانی قەلەڕەشی باوکم بیر دەکەوتەوە کە دەیگوت:" هەر شوێنێک دەستی مرۆڤی پێ بگات ئەو شوێنە چیدیکە بۆ ژیان ناشێت".

بەڵێ قەلەڕەشی باوک، تۆ ڕاستت کرد. تۆ دەتزانی کە مرۆڤەکان ماڵی ئێمە و خۆیان وێران دەکەن.

ئیتر منیش گەیشتم بە کۆتایی.....

هەناسەم بە قورسی بۆ دەدرێت، باڵەکانم، ئەو باڵانەی ئۆقیانوسەکانم پێ تەی دەکرد، ئێستا هێزی تێدا نەماوە.

ئەو دوو چاوەی کە ئەودیو هەستەکانی ئالۆزترین زیندەوەرم تێدا دەبینی، ئێستا بە ئەستەم بەردەمی خۆمی پێ دەبینم.

دەزانم کە ئەمە کۆتایی ساتەکانی ژیانی منە.

لێرە کۆتایی بە ژیانم دێت و دەگەڕێمەوە بۆ باوەشی سروشت، ئەو سروشتەی مرۆڤەکان وێرانیان کرد، ئێستا دووبارە بە غەمگینییەوە دەژییێتەوە.

دووای منیش ژیان بەردەوامە، بەڵام ئەوەی بەردەوام نابێت ڕۆحی شەکەتی منە. دووبارە مرۆڤەکان لە قالبی سروشتەوە هەڵدەستنەوە سەر پێ.

دەزانم کە ئەوان لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان، دووبارە ژمارەکان دەهێننەوە ناو ژیانیان.خۆزگە مرۆڤەکان فێرببن کە زەوی شوێنی هەموومانە، خۆزگە وەک باڵندەکان بیر بکەنەوە.

ئەو ڕۆژانەی کە قەلەڕەشەکان تێدا دەگریان، ئەو ڕۆژانەبوو کە مرۆڤەکان هەموو ئاسمانیان داگیر کرد.
بێبەزەییانە دەستیان چووە گیانی سروشت، ئەوکات مرۆڤ هەمووشتێکی بەدەست هێنا لەپێناو لەدەستدانی خۆی. بەڵێ مرۆڤەکان ڕۆحی خۆیان کوشت.
قەلەڕەشەکان هەرگیز نەگریابوون، کەچی بۆ گیانی مرۆڤەکان گریان. ئێمە دەمانزانی کە سروشت نوێ دەبێتەوە، بەڵام مرۆڤەکان بە کارەسات ناویان دەهێنا.
دووای ئەوە هەموو ئامێرەکانی دەستی مرۆڤ لەناو چوون، بەڵام ئاسەوارەکانی مایەوە، تا ڕۆژێک دابێت مرۆڤانێک ببینن و بزان کە سروشت شوێنی ئەوانە، تا بزانن دوواجار سروشتە ڕزگاریان دەکات و دەگەڕێنەوە بۆ نێو ژیانی ڕاستەقینە خۆیان.
ئێستا قسەکانی دەریاوانە پیرەکەم بیردەکەوێتەوە کە لە ساتەکانی مردنید، دەیگوت: "هاوڕێکانم، من هەموو شتێکم بینی بەڵی پا ژیانم نەبینی. من بۆ یەک چرکەش نەمزانی خۆشەویستی چییە، نەمزانی چێژ بینین لەم سروشتە جوانەی زەوی چییە. دەزانم کە ئەمە دوا ساتەکانی ژیانی منن، بەڵام ئەگەر بڵێن دەرفەتت پێ بدەین کە جارێکیتر بژییێتەوە چی دەکەی و چۆن دەژیت. ئەوا بێ دوو دڵی دەڵێم. خۆم دەشکێنم، بەڵێ ئەو خۆمە دەشکێنم کە پەیکەرێک بووە، بە بەردی ڕەگەزی دڕندەیی باڵای داتاشراوە. دوواتر کەشتیەکەم

دەشکێنم، لە پارچەی دارەکانیدا کوخێکی چکۆلانە لەکەنار دەریادا دروست دەکەم.

هیچی ترم ناوێت تەنیا دەمەو ئێواران خۆرنشین ببینم کاتێک پۆلپۆلی مەلەکان بەناویدا تێدەپەڕن.

بەڵام نا... نا...، ئەم ژیانە تەنیا فرسەتێکەو تەواو، من نەمتوانی لەناو ئەم فرسەتەدا خۆم ببینمەوە. بەڵام ئێوە وەک من نەکەن، ئێوە وەک من نەبن بە بەرد. ئێوە نەبن بە بەرد، تا هیچ هێزێک نەتوانێت بە ویستی خۆی داتان تاشێت. بڕۆن دونیا ببینن، بڕۆن کیشوەرەکان تەی بکەن. بڕۆن لە پێدەشتە سەوزەکان دەستی یەکتری بگرن، بەهەر شوێنێکدا ڕەتببن ئەو شوێنە بە ماڵی سروشتی خۆتان بزانن، دڵتان بکەن بە گوڵزار بۆ ماڵی پەپوڵەکان.

ئێوە بڕۆن من جێ بهێڵن... گوێ بە هیچ کەسێک نەدەن، نەڕۆنە ژێر حوکمی هیچ حاکمێک، با سروشت حوکمتان لەسەر بکات، تەنیا سروشت هەقی ئەوەی هەیە."

بەڵام مرۆڤەکان بە قسەی ئەم دەریاوەنە پیرەیان نەکرد، ئەوان ئەوەیان کرد کە نەدەبوو هەرگیز بیکەن. ئاخر مرۆڤ ئەوە دەکات کە خۆی دەیەوێت بیکات.

دووبارە هەمووان گەڕانەوە نێو سروشت، نێو ئەشکەوتەکان، هەمووان دەستپێکردنەک قەرزار بوون.

منیش نەمتوانی کۆمەڵەکەمان دروست بکەمەوە، نەمتوانی دووبارە غاکتا بژیێنمەوە. بەڵام تێگەیشتم کە زەوی چیدیکە پێویستی بە غاکتا نییە، زەوی پێویستی بە هەمووانە تا باوەشی سروشت گەرم بکەنەوە.

زەوی پێویستی بە بێسنوری بوونەکانە بۆ ژیانەوە.

کۆتاییەکەم دەبێتە سەرەتای ژیانێکی نوێ، سەرەتای ژیانێکی بێ خاوەندارێتی، سەرەتای ژیانێکی بەبێ چینایەتی.

دووبارە مرۆڤ لەگەڵ ڕۆحی ئاشنا دەبێتەوە، دووبارە سروشت دەیانگەشێنێتەوە.

ئای!.... کۆتا ساتەکان چەندە دژوارە، چەندە بە ئازارە کاتێک ناتوانی چیتر ببینی....

ئەمە یادداشتی قەلەڕەشێکی شەکەتی دەستی مرۆڤ بوو.

ئێوە لە باڵندەکان تێدەگەن؟
ئەم بەیانییە چۆلەکەیەک لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئەوان چەند دڵخۆش و بێخەبەرن لەو هەموو زیندەوەرانەی لەگەڵ ئێمە لەسەر ئەم زەوییەدا دەژین و بەناو ئێمەدا گوزەر دەکەن!.
ئێستا تەمەنی من لەکوێیە!

دایکم بانگم دەکات
بمێنن ئاگا...